# ژیان و کارەکانی فەیلەسوفی ئەڵمانی نیچە
# Nietzsche’s Biographical Timeline

## بەرلە مەرگی نـیـچـە

### پیّشکەشە بەمەرگی نیچە بەرلەوەی بمریّت



Friedrich Wilhelm Neizshche 15 October 1844 – 25 August 19

| | |
|---|---|
| 15 ئۆكتۆبەر 1844 | فریدریك نیچه ( Friedrich Nietzsche) لەدایك بوو، له ڕۆكن ( Rocken ) له نزیك لۆتزن ( Lutzen ) كه سەر به هەرێمی ساكسۆنه ،دایكی فرانسیسكا نیچه ( Franziska Nietzsche ) ، باوكی قەشه كارڵ لۆدڤیك نیچه ( Carl Ludiwig Nietzsche ) ,ناوی كوڕەكەی , واته ( نیچه ) , ناوی شا فریدریك ولیەمی چوارەم ( Fried rich William IV ) پاشای پڕۆسیایه |
| 10 جولای 1846 | ئەلیزابێس ( Elisabeth Nietzsche ) ی خوشكی لەدایكبوو. |
| مانگی فێبریوەری 1848 | جۆزیف ( Joseph Nietzsche ) ی برای لەدایك بوو. |
| 30 جولای 1849 | باوكی نیچه لەتەمەنی 36 ساڵیدا مرد ، بەنەخۆشی كه بەنەخۆشی نەرمی مێشك ناسرابوو . |
| 4 جێنیوەری 1850 | جۆزیفی برای مرد ، فرانسیسكای دایكی خێزانەكەی برد بۆ نۆمبێگ ( Naumbrg ) تا لەگەڵ خزم و هاوڕێكانی دا بژین. |
| مانگی ئۆكتۆبەری 1858 | چووە قوتابخانەی شۆڵپفۆرتا ( Schulpforta ) ، لەنزیك نۆمبێگ ، كه قوتابخانەیەكی هەڵبژاردە بوو، لەگەڵ 200 قوتابیتر |
| 4 سێبتەمبر 1864 | لـــــه شۆڵپفۆرتا دەرچوو. |
| 16 ئۆكتۆبەر 1864 | ناوی خۆی تۆماركرد لەتیۆلۆژیا ( Theology ) فیلۆلۆژیا ( Philology ) دا لەزانكۆی بۆن (Bonn) |
| 17 ئۆكتۆبەر 1865 | بەردەوام بوو لەخوێندن ( یا خود ) چووە زانكۆی لایپزیگ ( Leipzig ) ، لەوێ یەكێ له كارەكانی شۆپنهاوەر ( Schopenhuer ) ی دۆزیەوە ، لەكتێب فرۆشێكی دەستی كڕی . |
| ساڵی 1866 | پەیوەندی هاوڕێیەتی لەگەڵ( ئیرۆین ڕۆن ) ( Erwin Rohde ) دەستپێكرد. |
| 8 نۆڤەمبەر 1868 | به ڕیچارد ڤاگنەر ( Richard Wagner ) گەیشت له لایپزیگ |
| مانگی فێبریوەری1869 | دیاری كراوە وەك پڕۆفیسۆر له فیلۆلۆژیای كلاسیكدا له زانكۆی بازڵ ( Basel ) |
| 28 مەی 1869 | لێكچەرێكی پێشكەشكرد لەزانكۆی بازڵ لەسەر هۆمیرۆس و فیگلۆلۆژیای كلاسیك ( Homer and Classical Philology ) |
| ساڵی 1869 | دەستی بەنووسین ی لەدایك بوونی تراژیدیا كرد . ( Birth of Tragedy ) |
| مانگی مارچ 1870 | بوو به پڕۆفیسۆری دائم لەزانكۆی بازڵ . |
| مانگی ئۆگەست 1870 | وەك خزمەت گوزارێكی خۆبەخش , لەتیمی پزیشكیدا وەك سەرباز , بەشداری كرد لەشەڕی نێوان پڕۆسا ( ئەڵمانیا ) و فەڕەنسا . |

| | |
|---|---|
| مانگی ئۆکتۆبری 1870 | گەڕایەوە بۆ بازڵ پەیوەندی لەگەڵ فرانس ئۆڤەرباك ( Franz Overbeck) گرت |
| 2 جێنوەری 1872 | لەدایك بونی تراژیدیای بەچاپ گەیاند . |
| مانگی جێنوەری –مارچ 1872 | چەند لێکچەرێك لەسەر ( داهاتوی دامەزراوە مەعریفیەکانی ئێمە ) The Future of Our Educational Institutions) پێشکەش دەکات . |
| مانگی مەی 1872 | چەند کاتێك لە گەڵ ڤاگنەر بەسەردەبات . |
| مانگی ئە پڕیڵ 1873 | بەشێك لە ( فەلسەفەی تەمەنی تراژیدیای یۆنانی ) Philosophy in The) Tragic of The Greeks) . نوسی . |
| مانگی مەی 1873 | بـــــە پۆڵ ڕەی (Paul Ree) گەیشت. |
| مانگی دیسەمبر 1873 | ( بەکارهێنان و قۆستنەوەی مێژووی ژیان ) Use And Abuse of History) For Life ) تەواودەکات . |
| 22 فێبروەری 1874 | بەکارهێنان و قۆستنەوەی مێژووی ژیان ی بەچاپ گەیاند . |
| 15 ئۆکتۆبر 1874 | 30هەمین جەژنی لەدایك بوونی نیچە .( شۆپنهاوەر وەك مامۆستا ) (Schopenhauer As Educator) ی بەچاپ گەیاند . |
| ساڵی 1875 – 1876 | (ڕیچارد ڤاگنەر لە بایرۆس ) ( Richard Wagner in Bayreuth ) دەنوسێت |
| مانگی ئۆکتوبر 1875 | پەیوەندی هاوڕێیەتی دەست پێکرد لەگەڵ هنریچ کۆزێلت (Heinrich Koselitz) و پیتەر گاست (Peter Gast). |
| 19 مەی 1876 | داوای مۆڵەتی لەزانکۆی بازڵ کرد , لە 2 ی جێنوەری مۆڵەتیان پێبەخشی . |
| مانگی جولای 1876 | نیچە لە بایرۆس , لە کۆتای یەکەمین ڤیستڤاڵی بایرۆس دا , بەلویس ئووت (Louise Ott ) گەیشت . |
| 10 جولای 1876 | ڕچارد ڤاگنەر لە بایرۆس ی بەچاپ گەیاند . |
| 26 ئۆکتوبر 1876 | گەیشتە نا پۆلی (Naples) , دواجار لەگەڵ ڤاگنەر کۆبووەوە . |
| ساڵی 1876 - 1878 | بەشی یەکەمی لە مرۆڤانە زێدە مرۆڤانە ( Human All Too Human ) دەنوسێت . |
| مانگی دیسەمبر 1876 | زستان لە سۆرینتۆ (Sorrento )لەگەڵ پۆڵ ڕەی , مالڤیدا ڤان ماسینبۆگ (Malwida Von Meysenbug), لەگەڵ ئەلبیرت بارنەر (Albert Brenner) ی قوتابی نیچە , بەسەردەبات . |
| 8 مەی 1877 | ســـــــــــــۆرینۆی بەجێهێشت . |

| | |
|---|---|
| | |
| 17 ئۆکتۆبر 1877 | ماوەی مۆڵەتەکەی لە زانکۆی بازڵ درێژکردەوە . |
| 3 جێنوەری 1878 | کۆپیەکی کتێبی پارسیفاڵ (Parsifal) , ی لەڤاگنەرەوە پێگەیشت. |
| 10 جێنوەری 1878 | دەست نوسێکی مرۆڤانە زێدە مرۆڤانەی نارد بۆ چاپخانەکەی . |
| 11 فێبروەری 1878 | ماوەی مۆڵەتەکەی لە زانکۆی بازڵ درێژکردەوە . |
| مانگی مەی 1878 | مرۆڤانە زێدە مرۆڤانەی بەچاپ گەیاند کۆپیەکی نارد بۆ ڤاگنەر , ئەمە دوایەمین نێردراوی بوو. |
| 17 مەی 1878 | ئەلبێرت بارنەر لە تۆبرکلۆس (Tuberculosis) کۆچی دوای کرد . |
| 20 مارچ 1879 | بیروڕاو فەلسەفە تێکەڵاوەکان (Mixed Opinions And Maxims) بەچاپ گەیاند |
| 2 مەی 1879 | لە جێنوا (Geneva) نامەیەکی نارد بۆ دەست لەکارکێشانەوەی لە زانکۆی بازڵ . |
| 14 جێنوەری 1879 | زانکۆی بازڵ ڕازی بوون لەسەر دەست لەکارکێشانەوەکەی , لەگەڵ بەخشینی موچەی خانەنشینی شەشە ساڵ . |
| هاوینی 1879 | کۆچەر و سێبەرەکەی (Wanderer And His Shadow) دەنوسێت . |
| 18 ئۆکتۆبر 1879 | دەستنوسی کۆچەرو سێبەرەکەی , نارد بۆ چاپ کەرەکەی (واتە ئەو کەسەی کتێبەکانی نیچەی بەچاپ دەگەیاند). |
| 18 دیسەمبری 1879 | کۆچەرو سێبەرەکەی بەچاپ گەیاند . |
| مانگی مارچ 1880 | گەشتی کرد بۆ ڤینس (Venice) لەگەڵ هنریچ کۆزیلت . |
| مانگی جێنوەری 1880 | ڤینسی بـــــە جێهێشت . |
| 5 جولای 1880 | گەیشتە مارینباد (Marienbad). |
| پایزی 1880 | دەستی بەنوسینی سپێدە (Dawn) کرد |
| مانگی نۆڤمبر 1880 | گەیشتە جێنوا , بەردەوام بوولەکارکردن لەسپێدەدا . |
| 25 جێنوەری 1881 | دەستنوسی سپێدەی بۆ کۆزیلت نارد |

| | |
|---|---|
| 1 مەی 1881 | جێنــوای بــە جیـهێشت . |
| 8 جولای 1881 | گەیشتە سیلس ماریا (Sils Maria). |
| مانگی جولای 1881 | سپێدەی بەچاپ گەیــاند . |
| 1 ئکتۆبر 1881 | سیلس ماریای بەجێهێشت , بەرەو جێنوا . |
| زستانی 1881 | دەستی بەنوسینی زانستی شاد (Gay Science) کرد. |
| 4 فێبروەری 1882 | پۆڵ ڕەی سەردانی نیچەی کرد لەجێنوا, گەشتیانکرد بۆ مۆنتی کارلۆ Monte Carlo |
| 13 مارچ 1882 | پۆڵ ڕەی دووبارە گەشتی کردەوە بۆ مۆنتی کارلۆ , هەموو ئەو پارەیەی هەیبو لەشەوێکدا لەدەستیدا |
| 15 مارچ 1882 | پۆڵ ڕەی گەشتی کرد بۆ ڕۆما ( Rome) لەماڵی مالڤیدا ڤان ماسینبۆگ دا بە لۆسالۆمێ (Lou Von Salome) گەیشت . |
| 24 ئەپریل 1882 | نیچــە گەیشــتە ڕۆمــا . |
| 25 ئەپریل 1882 | بە لۆسالۆمێ گەیشـــت . |
| 15 جێنوەری 1882 | زانستی شادی تەواوکرد . |
| مانگی سێپتمبر 1882 | نیچــە لە لایپزیگ بــوو |
| 10 سێپتمبر 1882 | زانستی شادی بەچاپ گەیاند . |
| 1 ئۆکتۆبر 1882 | پۆڵ ڕەی لەگەڵ لۆسالۆمێ گەیشتنە لایپزیگ , بۆ ماوەی مانگێك سەردانی ئەوێیان کردبوو , پەیوەندی نیچە لەگەڵ پۆڵ ڕەی و لۆسالۆمێ تێك دەچێت . |
| 5 نۆڤەمبر 1882 | ڕەی ولۆ سالۆمێ گشتیان کرد بۆ پاریس (Paris) , نیچە پلانی دانا تـا پەیوەندیان پێوەبکات , بەڵام ئەو هەرگیز نەی بینینەوە دووبارە . |
| زستانی 1882 | نیچە لە ڕاپالۆ (Rapallo) مایەوە . |
| مانگی فێبروەری 1883 | دەستی کرد بە نوسینی ئاوای ووت زەردەشت (Thus Spoke Zarathustra) . |
| 13 فێبروەری 1883 | ڕیچارد ڤاگنەر لە ڤینس کۆچی دوایکرد . |
| 14 فێبروەری 1883 | لەجێنوا نیچە دەستنوسی ئاوای ووت زەردەشت بەشی یەکەم , ی نارد بۆ بڵاوکەرەوەکەی ( خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەکەی کە کتێبەکانی نیچە ی بڵاودەکردەوە ). |
| 3 مەی 1883 | نیچە گەیشتی کرد بۆ ڕۆما , بۆ پێنج هەفتە سەردانی ئەوێی کرد . |

| | |
|---|---|
| 14 جێنوەری 1883 | ڕۆمای جێهێشت . |
| 18 جێنوەری 1883 | نیچە گەیشتە سیلس ماریا , لەوێ بەشی دووەمی ئاوای ووت زەردەشت ی نوسی . |
| مانگی ئۆگەست 1883 | ئاوای ووت زەردەشت بەشی یەکەمی بەچاپ گەیاند . |
| 5 سێپتێمبر 1883 | سیلس ماریای بە جێهێشت , بەرەو نۆمبیرگ . |
| 7 سێپتێمبر 1883 | گەیشتە نۆمبیرگ , بۆ پێنج هەفتە سەردانی ئەوێی کردبوو, وتو وێژی لەگەڵ ئەلیزابیس و بێرنارد فۆستەر ( Bernhard Forster) کە سەرۆکی بزوتنەوەی دژە سامی ئەڵمانی بوو کرد . |
| 23 نۆڤەمبر 1883 | نیچە گەیشتە نیس Nice. |
| زستانی 1883 | بە دکتور جۆزیف پێنس ( Josef Panth) گەیشت , کەزانایەکی ئاژەڵ ناسی ڤینیسی بوو . |
| 18 جێنوەری 1884 | بەشی چوارەمی ئاوای ووت زەردەشت تەواو کرد , کەمێکیشی لە ئیز (Eze) نوسی بوو |
| 10 ئە پڕیل 1884 | ئاوای ووت زەردەشت بەشی سێهەمی بەچاپ گەیاند . |
| 21 ئە پڕیل 1884 | نیسی بەجێهێشت , کەبۆ حەوت هەفتە سەردانی ڤینیسی کرد. |
| 15 جێنوەری 1884 | گـــەیشـتـە بـازڵ . |
| مانگی جولای 1884 | لە زویرخ (Zurich ) گەیشت بە میتا ڤان سالیس ( Meta Von Salis) . |
| 26 ئۆگەست 1884 | هنریچ ڤان ستین ( Heinrich Von Stein) سەردانی نیچەی کرد لەسیلس ماریا. |
| 2 نۆڤمبر 1884 | گەیشتە مینتۆن ,دەستی بەنوسنی بەشی چوارەمی ئاوای ووت زەردەشت کرد . |
| 1 دیسمبر 1884 | مینتۆن ی بەرەو نیس جێهێشت , بەردەوام بو لە نوسینی بەشی چوارەم ی ئاوای ووت زەردەشت . |
| 9 ئە پڕیل 1885 | نیسی جێهێشت بەرەو ڤینیس . |
| 10 ئە پڕیل 1885 | گەیشتە ڤینس |
| مانگی مەی 1885 | بەشی چوارەمی ئاوای ووت زەردەشت ی بەچاپ گەیاند , بەشێوەیەکی تایبەتی چاپی کرد بۆ هاوڕێ دیاریکراوەکانی . |
| 22 مەی 1885 | ئەلیزابیس شووی بە بیرنارد فۆستەر کرد . |

| | |
|---|---|
| 7 جێنوەری 1885 | گەیشتە سیلس ماریا ,دەستی بەنوسینی لەودیو چاکەو خراپەوە (Beyond Good And Evill) کرد . |
| مانگی جێنوەری 1885 | شکاتی لە چاپ کەرەکەی کرد , ئرنست شمیتزن( Ernst Schmeitzner) , لەبەر ئەوەی دەستی بەسەر ئیشەکانیدا گرتبوو . |
| مانگی نۆڤمبری 1885 | مەحکەمەکەی بردەوە لەدژی شمیتزن , شکاتەکەی واز لێدێنێت ,لەدژی فرۆشتنی بەشێك لە قەبرەکەی باوکی , گەیشتە نیس . |
| بەهاری 1886 | دواین کۆبونەوەی لەگەڵ ئروین ڕۆد (Erwin Rohde) لە لایپزیگ گرێدا. |
| مانگی جێنوەری 1886 | گەیشتە سیلس ماریا . |
| 4 ئۆگەست 1886 | لەودیو چاکەو خراپەوەی بەچاپ گەیاند . |
| مانگی ئۆکتۆبری 1886 | گەیشتە ڕۆت لیگۆر (Ruta Ligure) , پێشەکی چاپی دووەمی مرۆڤانەزێدە مرۆڤانەی تەواوکرد , دەستی بەنوسینی پێشەکی چاپی دەوەمی سپێدە کرد .هەروەها پێشەکی پێنجەم کتێبی زانستی شادی دەست پێدەکات ڕۆت لیگۆری بەرەو نیس بەجێهێشت |
| 14 نۆڤمبر 1886 | کاتێك لەنیس بوو پێشەکی یەکی نوێی تەواو کرد بۆ سپێدە و زانستی شاد . |
| 11 نۆڤمبر 1887 | دواین نامەی بۆ ئیروین ڕۆد نارد . |
| 16 نۆڤمبر 1887 | ژینالۆژیای ئاکار ( Genealogy of Morals) ی بەچاپ گەیاند . |
| مانگی ئەپریل 1888 | گەیشتە تۆرین ( Tarin) . |
| بەهاری 1888 | جۆرج براندس ( Georg Brandes) چەند لێکچەرێکی لەسەر نیچە پێشکەش کرد لەزانکۆی کۆپن هاگن (Copenhagen) . |
| هاوینی 1888 | کێشەی ڤاگنەر (Case of Wagner) دەنوسێت . |
| مانگی ئۆگەست 1888 | ئاوابوونی بتەکان ( Twilight of The Idols) دەنوسێت , 24 جێنوەری 1889 بڵاودەبێتەوە . |
| مانگی سێپتیمبری 888 | دژە مەسیح (Antichrist)ی نوسی , نۆڤەمبری 1894 بڵاودەبێتەوە. |
| پایزی 1888 | هەنوکە مرۆڤ ( Ecce Homo) دەنوسێت , ئەپریل 1908 بڵاودەبێتەوە . |
| مانگی جێنوەری 1889 | لەتۆرین هۆشی نیچە کەوت . |

| | |
|---|---|
| **ساڵی**1889-1897 | **کەوتە ژێر چاودێری دایکی , لەجینا و نۆمبیرگ .** |
| **ساڵی** 1897 | **دایکی نیچە کۆچی دوای کرد , ئەلیزابیس نیچەی برد بۆ وایمار** (Weimar). |
| 25 **ئۆگەست** 1900 | **نیچە لە وایمار کۆچی دوای کرد .** |



**باشترین چارەسەری عیشق , عیشقی بەرامبەرە .**

**کێ بەخراپ دەزانیت ؟ ئەو کەسەی کە حەز دەکات بەردەوام کەسانی دی شەرمەزار بکات .**

**نیشانەی بەدەست هێنانی ئازادی چیە ؟ شەرمەزاری خۆت نەبیت .**

**ئینسانی ترین کارلای تۆچیە ؟ شەرمەزار نەکردنی کەس .**



Neizshche

# نـــيـچـە

**کەس نەبووە لە نیچە باشتر خۆی بناسێت و لەئایندەشدا**
**هەرگیز کەسێـــــك نیە لەو خۆی باشــــــتر بناسێت .**
**فرۆید**

**فریدریك ویلهایم نیچە لە 15 ی ئۆکتۆبری ساڵی 1844 دا لەشاری ( رۆکن (Rocken) یلایەتی ساکسۆنی (Saxony) رۆژهەلاتی ئەڵمانیا کەئەو کاتە پارێزگایەکی سەر بە شایەکی دەسەڵاتداری برۆس بوو .**
**لەخێزانێکی پرۆتستانتی دین دار هاتۆتە دنیاوە .**



Carl Ludwig    Nietzsche

**باوکی و باپیری لە دایکی باوکیەوە , لە وبەشەی ئەڵمانیا کە زۆر جار بەشێوەیەکی گاڵتەجاری پێی دەڵێن جێگای بلیمەتەکان لە کلێسایەکدا خەریکی وەعزدان بووە . باوکی نیچە برۆسیەکی نیشتیمان پەروەر بووە , رێزێکی زۆری بۆ شای وولاتەکەی واتە ( فریدریك ویلهایم ی چوارەم ) (Friedrch William IV ) دادەنا و بەرز رایدەگرت .**
**کاتێك کە یەکەمین کوری لەرۆژی لەدایك بوونی شادا هاتە دنیاوە دیار بوو کەناوی دەنێت ( فریدریك ویلهایم ) واتە بە ناوی شاوە . شایەنی باسە ئەو سیانە سەرەنجام دووچاری شێتی بوون , بەرلەهەموان باوکی نیچە واتە**

(کارڵ لۆدڤیگ نیچه) (Carl Ludwig Nietzsche) .

له 1. ی جولای 1846 دا ئەلیزابێسیخوشکی نیچه (Elisabeth Nietzsche) هەر لەڕۆکن لەدایك بوو
.

نیچه کوڕی خێزانێکی ڕۆحانی بوو, باوکیو با پیری ,له پیاوه ڕۆحانیه گەورەکانی پڕۆتستانت بوون , باوکی پاش ئەو شۆڕشه

گەورەیەی له ساڵیی 1849 دا هەموو ئەڵمانیای گرتەوه , تیایدا پاشای ئەڵمانیا ناچارکرا واز له تەختی دەسەڵات و پلەو پایەکەی بهێنێت . باوکی نیچه کەهەوادار و لایەنگری پاشا بوو , توشی هەرەس و تێکشکان بوو , لەبەر ئەوه دەستیکرد بەمان گرتن له خواردن , دوای چەند مانگێك گیانی لەدەستدا, له 3. جولای 1849 دا لەتەمەنی 36 ساڵیدا به نەخۆشی نەرمی مێشك , یان هەوکردنی دەماخ کۆچی دوای کرد . بەرلەوەی نیچه ی کوڕه گەورەی پێبنێته پێنج ساڵانەوه . له فێبریوەری 1848 دا (Joseph Nietzsche) جۆزیف ی برای نیچه لەدایك بوو .



Franziska Nietzsche

جۆزیفی برای نیچه لەتەمەنی دوو ساڵیدا له 4 جێنیوەری 1850 دا مرد .

بەهۆی دەردوو نەخۆشی باوکیەوه , هەمیشه ماڵی ئەوان کەش و هەوایەکی دڵتەنگ وخەمباری هەبوو .

فرانسیسکا تویلەری ( Franziska Nietzsche) دایکی کچی کابرایەکی قەشه بوو, حەزی دەکرد که کوڕەکەی ببێت به قەشه . له ساڵی 1850 دا خێزانەکەی کۆچ دەکەن بۆ نیومبێرگ ( Naumburg) چونکه دا پیرەی ( دایکی باوکی ) لەوێ دەژیا. کاتێك تەمەنی 13 ساڵان بوو, چووه قوتا بخانەیەکی شەوانه ڕۆژی کەناوی قوتا بخانەی (شۆلپفۆرتا) ( Schulpforta) بوو له گەڵ 200 قوتابی تردا .

ئەم قوتا بخانەیه کەبەناو بانگترین و باشترین قوتا بخانه تایەتیەکاکانی پڕۆتستانتەکان بوو لەئەڵمانیا دا.

ئەم قوتا بخانەیه تاییەت بوو بەوکەسانەی دەسته بژێرو هەڵبژارده بوون , ئەم قوتا بخانەیه ناوبانگی بەو پەیڕەو پڕۆگرامه توندو تۆڵە ڕۆیشتبو که دژایەتی هەموو شتێکی نوێی دەکرد , بەتەنها گرنگی بەڕۆحی کۆن وڕابردو دەدات . نیچه سەرەڕای ئەو شێوه ژیانه میلیتاریەی ناو قوتا بخانەکه , چەند شعرێکی نوسی , وەبه هۆڵدەرلین ی شاعیری ناسراوی ئەڵمانی سەرسام بوو . هەر لەنیومبێرگ خوێندنی ئامادەی تەواو دەکات . نیچه له نیومبێرگ لەماڵێکی پڕله ئافرەتی دینداردا گەورەبوو , که بریتی بوون لەدایك , خوشکێکی جوان , دایکی دایکی (نەنکی) , دووپوری . لەبەر ئەوه نیچه پروەردەیەکی ئاینی هەبوو , بەنازیش پەروەرده کرابوو

,لەوماوەیەدا توانای ئەوەی هەبوو نمونە بەوحیکمەتانەی ناو تەورات و ئینجیل بهێنێتەوە . ئەمەش وایلێکرد ژنە لەخواترسەکانی خانەوادەکەی بەچاوی ڕێزەوە سەیری بکەن . هەروەها لەقوتابخانەش پێیان دەوت (قەشە بچکۆلەکە) .

نزیکەی 19 ساڵ بوو , بەرلەوەی ببێت بە 20 ساڵی تەواو . لە لە16 ی ئۆکتۆبری 1864 دا دەچێتە زانکۆی بۆن . لەوێ لەبواری زانستە دینیەکان وفیقهی زمان واتە ( Theology ) (تیۆلۆژیا) و ( Philology ) (فیلۆلۆژیا) دادەستی کرد بە خوێندن , تادوای ببێتە پیاوێکی ئایینی . بەڵام بۆن بەدڵی ئەونەبو, لەنامەیەکدا لە 30 حوزەیرانی 1865 کە بۆ دایکی ناردبوو نوسیبوی (من زۆر لە توندڕەوە خەڵکی کاتۆلیکی ئێرە بێزارم زۆر جار وام لێدێت بڕوا بەوەنەکەم ئێمە لەسەدەی نۆزدەداین.

نیچە لەساڵی 1864 دا بوو کەبڕیاری دا چیتر نەچێت بۆ کلێسا , ساڵێك دوای ئەوە لە ئۆکتۆبری 1865 دا بڕیاری دا کەبچێتە زانکۆیەکی دی ,لەگەڵ (ڕیچڵ )ی مامۆستای لەهەمان مانگی (21) هەمین سالی جەژنی لەدایك بونیدا , چووە زانکۆی لایپزیگ (Leipzig) , سەرەڕی ناڕەزایەتی زۆری دایکی , چوونکە دایکی دەیویست کوڕەکەی ببێت بەقەشە وخزمەتی دین بکات . لەوێ وازی لەزانستە ئایینیەکان هێنا و, دەستی بەخوێندنی فیقهی زمان واتە (فیلۆلۆژیا) ی کلاسیك کرد , بە تایبەتیش شارستانیەتی دێرینی گریك , لەزمان وزانستە لاتینی و یۆنانیەکاندا , زیرەکێکی بێوێنە بوو .

لەساڵی 1867 دا لەجەنگی ئەڵمانیا دژ بەفرەنسا , وەك کارمەندیکی پزیشکی مەیدان خۆی ناونوس کرد , بۆ خزمەت کردنی سەربازە برینداراەکانی جەنگ , بۆ ماوەی ساڵێك لە سوپای بڕۆسدا( Prussia) کرایە سەرباز . لێپرسراوان بەسمێڵە زلە عەسکەریەکەی هەڵخەڵەتان , ناردیان بۆ تیمی سوار چاکانی سەربازی , هەرچەندە نیچە خولیایەکی زۆری بۆ سەربازی هەبوو , بەڵام جەستەیەکی لاواز و بچکۆلەی هەبوو .

کاتێك لە ڕوداوێکی ئەسپ سواریدا ئازاری پێگەیشت , بۆ ماوەی مانگێك لە نەخۆشخانە مایەوە . لەنامەیەکیدا لە 22 ی یۆنیۆی 1867 دا ئەم روداوە بۆ هاوڕێیەکی قۆناغی خوێندنی باس کردوە ,نیچە دەڵێت ڕۆژێك لە کاتی خۆهەڵدانێکی کتوپڕدا بۆ سەر پشتی ئەسپێك,



سنگم بەر لێواری زینی ئەسپەکە کەوت , لەلای چەپمدا
هەستم بەئازارێکی بێئەندازە کرد بەڵام لە سواربوون
بەردەوام بووم , بۆ ماوەی ڕۆژ و نیوێك دوچاری
ئێشو ئازارێکی زۆر بووم , ئێوارەی دووەم لە هۆش خۆم چووم .
نیچە پاش ئەم ڕوداوە لە پاداشتی ئەو هەوڵ و تەقەلایانەیدا
کردیان بەسەر دەستە (عەریف) وەپاشان لە خزمەت بەخشرا .
لەلایپزگ دوو ڕوداوی سەرەکی لەژیانی نیچە دا ڕویاندا .
یەکەم لەگەڵ فەلسەفەی شۆپنهاوەر .

**دووەم لەگەڵ مۆسیقاری بەناوبانگ ڕیچارد ڤاگنر دا بوو**

.

Arthur Schopenhauer
1788- 1860

**ڕوداوی یەکەم :**

**ڕوداوێك بوو کەژیانی گۆڕی , بینینی کتێبێك بوو , ڕۆژێك نیچە لە چەند کتێبخانەیەك سەرگەرمی گەڕان بوو , بەدوای کتێبدا دەگەڕا . لەیەکێك لەو دووکانانەی کە کتێبی دەستییان دەفرۆشت , لەناکاوکتێبی ( جیهان وەکو ئیرادە و وێناکردن ) , کتێبە بە ناوبانگەکەی شۆپنهاوەر ی بەرچاو دەکەوێت , زۆر سەیرناونیشانی ئەو کتێبە سەرنجی ڕادەکێشێت . ئەگەرچی بەرلەوە نەهیچی لەناوەرۆکی کتێبەکە زانیوە و نەئاگاداریئنوسەرەکەشی بووە .**

**دەست بەجێ ئەو کتێبە دەکرێت , بەدرێژای ئەو شەو ڕۆژە خەریکی خوێندنەوەی دەبێت , کاتێك وازی لێ دێنێت لە**

**دوالا پەڕەیدادەبێت . لەماوەی دوو هەفتەدا زیاد لەجارێك دەیخوێنێتەوە , پاش تەواو کردنی بەتەواوەتی دیدو**

**بۆ چوونەکانی گۆڕانی بەسەردادێت .**

**شایەنی باسە شۆپنهاوەر لەو کاتەدا چوار ساڵ بوو مردبوو کاتێك نیچە بەیەکەم دیداری شادبوو .**

**لەم بارەیەوە نیچە دەڵێت ( ئەم کتێبە ) نائاساییەم بەدەستەوە گرت , پەڕەکانیم هەڵدایەوە نازانم چ شەیتانێك**

**بوو بە گوێمدا چرپاندی , ئەم کتێبە بەرەوە بۆ ماڵەوە , بەهەرحاڵ بە پێچەوانەی عادەتی جارانمەوە , کە بەبێ وردبوونەوە هیچ کتێبێکم نەدەکڕی , ئەو کتێبەم کڕی , وە کاتێ خۆم بینیەوە لەسەر قەنەفەیەك ی ماڵەوە درێژ بوبووم , وە ڕێگەم دا ئەم بلیمەتە ڕەشبینە کار لە ئاوەزم بکات .**

**پاشان نیچە بوو بە شوێن پێهەڵگرێکی شۆپنهاوەر . لە ڕۆژگارێکی تەمەنیدا کەباوەڕی بەهیچ شتێکی ترنەبوو , ڕەشبینی و گۆشەگیری یەکەی شۆپنهاوەر مایەیی ڕزامەندی ئەو بوو , ئەوەی لە هەموو شتێك زیاتر نیچەی خستبوە ژێر کاریگەرییە وە , چەمکی ئیرادەی شۆپنهاوەر بوو , ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو , دواتر ئەم چەمکە لای نیچە لەشێوەی ئیرادەی هێزدا بەرجەستە بوو .**

**شۆپنهاوەر ئەم پیاوە لەیەك کاتدا دووچاری شێتی و مەزنایەتی و گرێی چەوسانەوە ببوو , باوەڕی وابوو کە هەمیشە بەدوایەوەن , بێ ئەوەی کەسێکیش بەدوایەوە بێت . وایدەزانی چاودێری دەکەن کەسیش نەیدەتوانی ئەو فیکرەیە لەمێشکیدا دەربکات , کە گوایە پلانێکی گردوونی هەیە لەدژی ئەو , داڕێژراوە , بۆ ئەوەی ڕۆحی داهێنان تیایدا بخنکێنێت , وەداهێنانە فەلسەفیە کانی لە نێوببات . هەرلەساڵی 1814 وە ئەو کاتەی تەمەنی**

(25) ساڵ بووە خۆی بەمەسیح بەراورد دەکرد , بڕوای وابوو ئەو نێردراوە بۆ ئەوەی ڕێگای حەقیقەت پیشانی خەڵکی بدات , دەیووت من لەم دنیایەدا تاکە پیاوێکم دەزانم ڕاستی لەکوێدایە .

شۆپنهاوەر یەکەم جار فیکرەکانی خۆی بەزمانی گریکی و لاتینی وبگرە بە سانسکریتنی دەنوسیەوە , لەنێو لاپەڕەی کتێبەکانیدا دەیشاردەوە , بۆ ئەوەی هیچ کەسێك نەیانبینێت , نەکا لێی بدزێت , چونکە وایدەزانی نوسین و

فیکرەکانی لێدەدزن و بەناوی خۆیانەوە بڵاوی دەکەنەوە .



ڕوو داوی دووەم :

نیچە چوو بۆ کۆنسێرتێکی تایبەتی ڕیچارد ڤاگنەر , مۆسیقا زان و ئۆپێرا نوسی ڕۆمانتیکی ناسراوی ئەڵمانی , کە بە شێوەیەکی نهێنی بۆ لایپزیگ هاتبوو , چونکە حوکمی نەفیکردنی هەبوو , حوکمی نەفیکردنی ڤاگنەر , بەهۆی چالاکیە شۆڕشگێڕانە کانیەوە بوو , بیست ساڵ بەر لەو مێژووە دەرکرابوو , بەڵام سەربارى گۆڕانی بۆچوونە سیاسیە توندڕەوەکایشی لەچە پەوە بۆ ڕاست , هێشتا کاریگەری ئەو حوکمە لە ئارادابوو . لەکۆتای ئاهەنگێکی مۆسیقادا ئاشنایەتی لەگەڵ ڤاگنەر دا

Wilhem Richard Wagner

188322 may 1813- 13 february

پەیدا کرد بێئەندازە بە مۆسیقای ئەو سەرسام بوو , سەرسامی هە ردوو کیان بە شۆپنهاوەر زیاتر لەیەکی نزیك کردنەوە لە وکاتەدا ڤاگنەر خەریکی ئەوە بوو کۆدێتایەك لەمێژووی مۆسیقای ئەڵمانیدا بکات , تائەوکاتەش نەهونەرمەندێکی ناسیبوو , نەکەسێکیش تائەو ڕادەیە لە بیرو بۆ چوونەکانی ئەوەوە نزیك بوو .

لە 8 نۆڤەمبری 1868 دا لەماڵی خۆرهەڵاتناسی ئەڵمانی (هێرمان برۆکهاوس ) داچاوی بە ڤاگنەر کەوت برۆکهاوس مێردی خوشکی ڤاگنەر بوو . لەیەکتر بینینێکی کورتدا لەگەڵ ڤاگنەردا , نیچە نەی زانی کەئەو خۆشەوویستیەکی قوڵی بۆ شۆپنهاوەر هەیە , ڤاگنەریش بە وردبینیەکانی ئەم فەیلەسوفە لاوە زیرەکە سەرسام بوو , لە ناخەوە خۆشی وویست , ڤاگنەر هونەر مەندێکی نائاسای بوو , بەڵام توانای شیکردنەوەی فەلسەفی قوڵی نەبوو , نیچە وردەوردە توانی ئەو دیوی دەمامکی ڕۆشنبیری ئەو ببینێت .

ڤاگنەر کەسێکی بێئەندازە خۆپەرست وخاوەنی توانایەکی بەرزی مەزەندە کردن و پێشبینی بوو , تەنانەت خۆسەوویستیشی بۆ شۆپنهاوەر شتێکی کاتی بوو , نیچە سەرەتا بەقوڵی کەوتە ژێر کاریگەری بیروڕاکانی ڤاگنەر و شۆپنهاوەرەوە , بەڵام پاشان لێیان یاخی بوو , کارگەیشتە ئەوەی هەندێك لە دیارترین نوسینەکانی دژی ڤاگنەر بنوسێت .





لە فیبروەری ساڵی 1869 دا نیچە پێشنیاری کورسی مامۆستای فیلۆلۆژی لە زانکۆی بازڵ ( Basel )لە سویسرا قبووڵ کرد , ئەودەم تەمەنی ( 24 ) ساڵانە بوو کەبە کورسی مامۆستای گەیشت ئەمەش شتێك بوو لەو ڕۆژگارەدا شتێکی دەگمەن بوو , هێشتا نامەی دکتۆراکەی تەواو نەکردبوو . نیچە دەبێتە مامۆستای یاریدەدەر , لەگەڵ قبوڵکردنی ئەو پێشنیارەدا لە بازڵ نیشتە جێ بوو کە ( 40 ) میل لە ( تریبزچن )ە وە دوور بوو . واتە لەو شوێنەوەی کە ڤاگنەر و کۆزیما(Cosima )

Cosima  Wagner

ی کچی مۆسیقا زان و پیانۆ ژەنی هەنگاری بەناوبانگ ( فرانزیست )ی تیا دەژیا , کۆزیما هێشتا هاوسەری ( فۆن بۆلۆی ) ڕابەری ئۆکسترا و هاوڕێی ڤاگنەر بوو . کە دواتر بوە هاوسەری ڤاگنەر

نیچە لە کۆتای هەفتەکاندا بەمیوانی دەچوو بۆ ڤێلا گەورەکەی ڤاگنەر , لە کەناری دەریاچەی لۆسرن ,

نیچە یەکەم لێکچەری خۆی لە 28 ی مەی 1869 دا , لەبەردەم ژمارەیەکی زۆر مامۆستا و خوێندکار وکەسە ناسراوەکانی شارەکەدا , پێشکەش کرد . بەناوی ( هۆمیرۆس و فیلۆ لۆژیای کۆن ) (Homerand Classical Philology) واتە بینینی هۆمیرۆس لەڕێگای فیلۆلۆژیا و مێژووەوە .

نیچە کاتێك بەمەبەستی گەشت و گوزار دەچێت بۆ کۆڵن وەکوخۆی دەڵێت , بەڕێکەوت ڕێی دەکەوێتە سۆزانیی خانەیەك , کە دەگاتە شار کۆڵ هەڵگرێکی سەرشەقام دەیەوێت بیگەیەنێتە چێشتخانەیەك , بەڵام لەبری ئەوە دەیبات بۆ سۆزانی خانەیەك . هەروەك خۆی دواتر بۆ هاوڕێیەکی باس کردبوو , لە پڕێکا سەیرم کرد کۆمەڵێك ئافرەتی چاوەڕوان نیگام تێدەبڕن , واملێهات نەمدەتوانی نوتق بدەم , پاشان هەر لە خۆمەوە بەرەو پیانۆکە ڕۆیشتم , کەتاکە شتێکی ڕۆحدار بوو . پاشان تۆزێك مۆسیقام لێدا , ئەمە هێزو تینێکی پێبەخشیمەوە , وپاشان لەوێ هەڵهاتم .

ناتوانین بڵێین چوونی بۆ ئەوێ شتێکی ڕێکەوت بووە ,وە هیچ کارێکی نەکردبێت , نیچە جارێك بەهاوڕێیەکی دەڵێت , بۆ تێرکردنی ئارەزووی سێکسی پێویستم بەسێ ئافرەت هەیە . نیچە جاری تریش سەری لەوێ داوەتەوە کاتێك گەڕایەوە لایپزیگ چەند جار سەردانی لەو جۆرەی هەبووە .

پاش ماوەیەك نیچە زانی کەتوشی نەخۆشی بووە , بەڵام پزیشکەکەی پێی نەوتبوو کەتوشی سیفلیس بووە . سیفلیس ( Syphilis ) نەخۆشیەکە بەهۆی سێکسەوە بەزۆری دەگوێزرێتەوە واتە (Sexually transmitted disase ) لەئەندامی زاوزێی نێرو مێ یان ناودەم دەدات لەشێوەی برین یان زیپکە یەکی شێداردا واتە کەمێك تەڕ دەردەکەوێت , هەندێك جار بەهۆی دایکی توشبوو بەنەخۆشیەکە , واتەدایکی هەڵگری میکرۆبەکە , دەگوێزرێتەوە بۆ کۆرپەکەی لەسکیدا , ئەم نەخۆشیە بەهۆی میکرۆبێکەوە دەگوێزرێتەوە ( توشدەبێت ) کە پێی

دەڵێن Treponema Pollidam . ڕاستەوخۆ بەهۆی کۆنتاکتیسێکسیەوە دەگوێزرێتەوە , بەرلەوەی شیکاری تاقیگەی بۆ نەخۆش ئەنجام بدرێت , زۆر گرانە بزانرێت توشبوو سیفلیس ی هەیە یان نەو , ئەم نەخۆشیە بەئاسانی چارەسەر دەکرێت لەسەرەتادا , بەهۆی دەرمانی پەنسلین یان هەندێك دژەتەنەوە ( ئەنتی بایەتیك ) , بەڵام لەزەمانی نیچە دا چارەسەری نەبوو بەداخەوە , سیفلیس بەچەند قۆناغێکی گەشەسەندندا تێدەپەڕێت , لەدوا قۆناغیدا دەگاتە ئەوەی کەبەلوت قسە بکات نەخۆش لەگەڵ بونی سەریەشەیەکی گران نیشانەکانی زۆرن لەئەنجامدا دەبێتە هۆی ئیفلیجی تەواو . هەروەك نیچە وای لێهات

دەشێت ئەمەش بوبێتە هۆی ئەوەی کەنیچە دواتر لەپەیوەندی سێکسی لەگەڵ ئافرەتاندا خۆی بپارێزێت , لەکارەکانیدا ئاماژەی زەق هەیە دژی ئافرەتان , هەروەك لەزەردەشت وای ووتدا دەڵێت , ئەگەر چویتەلای ئافرەتان قامچیت لە بیر نەچێت .

لەساڵی 1872 دا لە تەمەنی 28 ساڵیدا یەکەمین کتێبی خۆی بەناوی ( لەدایك بوونی تراژیدیا ) Birth of Tragedy) گۆرانی تراژیدیا لەڕۆحی مۆسیقادا , دەنوسێت , لە 2جێنوەری 1872 دا بڵاوی دەکاتەوە .لەم کتێبەدا هەوڵی داوە خۆی لە شۆپنهاوەر ڕزگار بکات , چونکە ئەو تیوریانەی پێقبوڵ نەبوو کەشۆپنهاوەر لە سەر تراژیدیای یۆنانی کۆن هەیەتی , لەبەرامبەردا نیچە تیوریەکی نوێ دێنێتە ئاراوە , بۆ تێگەیشتن لە تەواوی ترادسیۆنی یۆنانی

کتێبی لەدایك بوونی تراژیدیا یان گۆرانی تراژیدیا لە میانەی ڕۆحی مۆسیقاوە , تەواو کرد لەم بەرهەمەیدا ( دیۆنیۆس )ی خوای لەزەت و خۆشی وپیت وبەرەکەت , لەگەڵ ( ئەپۆلۆ ) ی خوای هونەر و دروستبوون یان خوای خەن , بەیەك دەگەن , نیچە دەیەوێت لەڕێگەی تێکەڵبوونی ئۆرگانی ئەم دوو خوایەوە , خودی ژیان لەڕەگەزە عەقڵانیەکان و تەکنیکیەکان ڕوتبکاتەوە , یان لەدەستە مۆکردنی ئاینی دا یماڵێت . کەفەیلەسوفانی گریك لەدوایدا پەیڕەویان لێکرد تائەو شتەی کەئاسمانیە بیخەنەوە بەردەستی مرۆڤەکان , وەگەڕدون لەمیتافیزیکا و هەموو ئەوشتانەش کەلە پشت ی هەستەکانەوەیە دایانبماڵن .

هەر بۆیە جوهەری ژیان پەیوەندی بە ئەخلاقەوە نیە , چونکە ئەخلاق ئیرادەیەکە بۆسڕینەوەی ژیان , ئەو غەریزە نهێنیە کەلە ناوەوە ژیان تێکدەدات , چونکە دەیانەوێت بینای ژیار لەسەر سەرکوتکردنی ئەم ئەنگێزانە هەڵبچنین .

نیچە لەڕیی بەکارهێنانی دوو زاراوەی ئەپۆلۆنی ودیۆنیزی یەوە لەکتێبی لەدایکبونی تراژیدیادا , توانی ڕۆڵی خۆی لەزانستی ئیستاتیکا ( جوانناسی ) دا ببینێت , ئەو بەدانانی ئەقڵ بەرامبەر بە غەریزە , ڕۆشنبیری بەرامبەر بەسەرەتایەتی , یان دەشێ هەر ئەقڵیش بەرامبەر بە سەرەتایەتی , ئەوەی خستەڕو لە تراژیدیای یۆنانیدا ئەم توخمانە بەشێوەیەکی یەکسان لەگەڵ یەکدا ئاوێتە بوون . نیچە بڕوای وابوو کە هونەر لە پەیوەندیدایە لەگەڵ دوالیزمی ئاپۆلۆنی و دیۆنیزی , شێوە دەگرێت بەهۆی هەردوو خواوەندی هونەر- خواوەندی پەیکەرتاشی مۆسیقا, کەیۆنانیە کۆنەکان نهێنی قوڵی داهێنانی هونەری دەخەنە روو.

**ئا پۆلۆنی بەیانکەری ئەزموونی جیهانی خەونە , ئەوخواوەندەی ڕوناکی خواوەندی ڕۆشناییە , هەرئەوە کەوەهمی جوانی دەسازێنێت . بەرامبەر بەمەش ئەزموونی دیۆنیزی ئوزموونی مەستی و سەرخۆشیە ,ئەوئەزمونەیە کە ئەزموونی تاکێتی تێك دەشکێنێت ,**

**ئە نجامگیری سەرەکی نیچە , لە لەدایك بونی تراژیدیادا , بە مجۆرەیە . ئەزموونی ئازاد بوون لەستەم لەدەست سروشت و ستەمی مرۆڤەکانی دیکە , تەنها لەهونەردا دێتەدی , نیچە لەم کتێبەدا دەنوسێت , پێشکەوتنی هونەر لەئە نجامی بەرەو ڕوی بەردەوامی دووتخمی دژ بەیەکەوەیە لەژیانی داهێنەرانەی مرۆڤدا , کەبریتین لە ئا پۆلۆنی و دیۆنیزی , ئەم دوو تۆخمە ( ناوە ) لەناوی خواوەندانی یۆنانی کۆنەوە وەرگیراوە . ئا پۆلۆنی خوای پێشبینی , پارێزەری هونەر ,ئەسلی مۆسیقا , دەرمان ,لاوێتی ,دەرونناسە , هەتاو خۆر .**

**دیۆنیزۆسی خوای سروشت , پیت وبەرەکرت, بەتایبەتیش خواوەندی شەرابو خۆشی . نیچە ئەم دوو کەسێتیە ئەفسانەییە بەئەدگاری مەیلە داهێنەرە دژەکانی ناخی ئادەمیزاد دەزانێت , ململانەی ئەم دوانە زیاتر یەکتری هاندەدەن و لەئە نجامیشدا دەبێتە هۆی پێشکەوتنی هونەر . .**

**بەقەولی تیچە ئەخلاق بچوك و بەکەم گرتنی ژیانە , پڕانسیپێکە بۆ ئەوەی بوونی ژیان بەدرۆ بخاتەوە . بەلآم مرۆڤی ڕاستەقینە وجودی تەواوەتی خۆی تەنها لەمیانەی ئەو دیاردە جوانەی جیهانی خەوندا دەبینێتەوە , دەبێت دەرکێکی ئیستاتیکیانە , یان هونەریمان بۆ ژیان هەبێت , واتە دەبێت وا بڕوانینە ژیان کەکارێکی هونەریە .**

**نیچە ژیان دەکاتە کرێکی ئیستاتیکی , وەفەنتازیای ژیان دەبەستێتەوە بەو خەونە ڕەنگاو ڕەنگ و وەنەوشەییانەی کە مرۆڤ دەیانبینێت , وەدەیەوێت پایەکانی ژیانی لێدروست بکات وە پێنت ( ڕەنگی ) ی بکات , ئەو دەیەوێت هەستە واقعیەکان چۆنەو چۆن لەمرۆڤ دەخوازن , یان چۆن هەستیان پێدەکات , هەر ئاوەهاش وەلآمیان بدرێتەوە , بەبێ ئەوەی سەرکوتیان بکات وبیان چە پێنێت .**

**لە** 15 **ی ئۆکتۆبری** 1874**دا لە یادی سی ساڵەی لەدایك بونیدا , شۆپنهاوەر وەك مامۆستا** (Schopenhauer as Educator ) **ی بلآو کردەوە .**

**لەساڵی** 1876 **دا توانای بینینی کزبوو , هەروەها تەندروستیشی خراپتر بوو , هەرلەهەمان ساڵدا بەمەبەستی بەژداربوون لەبەرنامەی کردنەوەی پێشکەش کردنی ئەلقەی ( نیبلۆنگ ) ی ڤاگنە , چوو بۆ بیرویت . بەلآم شێتی و خۆ بەزل زانین و فەسادی ئەو هونەرمەندە بالآیە , ئەوی بەجۆرێك ئازاردا بەناچاری ئەوێی بەجێهێشت . هەرچەندە پێشتر نیچە پێی وابوو ڤاگنەر تەعبیر لە بلیمەتی هونەر دەکات , بۆیە خۆزگەی دەخواست و پێشبینیشی دەکرد کە تراژیدیای یۆنانی لەسەر دەستی ئەودا ( ڤاگنەر ) ببوژێتەوە .**

**لەساڵی** 1878 **دابەشی یەکەمی کتێبی مرۆڤانە زێدە مرۆڤانە** (Human all too Human) **ی نوسی . لە ساڵی** 1879 **دا بەشی دووەمی نوسی وە بلآو دەبێتەوە . پێشکەشی دەکات بە ڤۆلتێر , بەبۆنەی** 30 **ساڵەی**

لەدنیا دەرچوونیەوە , بەو پێیەی یەکێکە لەمەزنترین ئەو کەسانەی لە پێناو ئازادکردنی ئەقڵی ئینساندا ڕەنجی داوە . پاش نوسینی ئەم کتێبە و بلاو کردنەوەی , بەتەواوی لە ڤاگنەر جیا بووەوە , نیچە لەم کتێبەیدا دەڵێت قەناعەتەکان زۆر زیاتر دوژمنی سەرەکی ڕاستین , تادرۆکردن . ئەو خەڵکانەی پەی بەنهێنی ناوەوەی شتەکان دەبەن , بەنێویدا شۆڕدەبنەوە , لەبەرامبەردا زۆر کەم بەوەفادەبن , ئەوانە کاتێك تیشك دەخەنە سەر ئەو قولاییانە , دەبینن هێشتاش گەلێك یان زۆرشتی ناشیرین لەوێدایە , کەدەکرێت ببینرێت .

باشترین ئامڕازێك بۆ مرۆڤ تا ڕۆژێکی تازە لەژیانیدا دەست پێبکات , ئەوەیە لەکاتی لەخەو هەستانیدا بیر لە وە بکاتەوە کەئایە لە توانایدا هەیە لانی کەم ئەمڕۆ دڵی مرۆڤێك خۆشبکات .

نیچە لەساڵی 1879 دا بەهۆی بەردەوام بوونی نەچۆشیەکەیەوە باری تەندروستی بەرەو خراپتر دەچێت , ناچار بوو مۆڵەت لەزانکۆی بازڵ وەربگرێت ,بۆ پشوو . ماوەیەك سەردانی ئیتالیا دەکات ماوەیە لەشاری ناپۆلی دەژی هاوکات سەردانی گرکانەکانی فیزۆف دەکات , لەناپۆلی دکتۆر وریای دەکاتەوەە پیی دەڵێت یان دەبێت واز لەو عەزابە فیکریە بهێنی کەتیایدا دەژیت , یان ئەوەتا ئەقڵت لەدەست دەدەیت , لەوە بەدواوە تێگەیشت کەهەرگیز چاك نابێتەوە وەهەمان چارەنوسی باوکی دەبێت . .

پاشان ناچارلە 2ی مەی 1879 دا دەست لەکارکێشانەوەی خۆی وەك مامۆستا ڕابگەیەنێت لە زانکۆی بازڵ , موچەیەکی کەمی خانەنشینیان بۆ بڕیەوە , وەئامۆژگاریان کرد بچێتە شوێنێك کە ئاو هەوایەکی سازگاری هەبێت .

ئیتر بەردەوام خەریکی چارەسەرکردنی ژانەسەرو نەخۆشیەکانی بوو , لەبەر لاوازی هەفتەش هەبوو سێ چوار ڕۆژ لە پێخەفەکەیدا بوو , لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەرساڵەی کتێبێکی نایاب و سەرسامکەری دەنوسی .

نیچە بەدرێژای دەیەی 1880 لەتەنیایدا درێژەی بەکارەکانی دەدا , پاش ئەوەی لە ساڵی 1879 دا خانەنشین دەکرێت , ئیتر سەفەرەکانی دەست پێدەکات , ئیتر لەو ڕۆژەوە بو بەوێلگەردێکی ئەبەدی , سەری بەهەموو جێگایەکدا دەکرد , هەندێك جار , سویسرا , ئیتالیا , فرەنسا , ئەڵمانیا . زستانان لە نیس و هاوینان لە سلیزماری بەسەر دەبرد , بەلام دلگیرترین شوێن لای ئەو ڤینیسیای ئیتالیا بووە . خوی بەوەوە گرتبو زستانان لەشارەکانی باشوری ئەوروپا بیت بەتایبەتی Nice نیس و Genoa جەنەوا , وەرزی هاوینیش دەچوە کوێرە دێیەك لەقەدپاڵی چیاکانی ئەلپ لەباشوری سویسرا , ئەو گوندەش ناوی (Sils-maria ) سیلس ماریا بوو . لەوێ ژورێکی پەڕپوتی بەکرێ گرتبوو , ئێستا کراوە بەمۆزوخانە . لەوێ بەیانیان سەعات پێنج زوو لەخەو هەڵدەستا بەنوسینەوە خەریك دەبوو دوای ئەوە دەستی دەکرد بەڕۆیشتن و سەرکەوتن بەسەر ئەو شاخ وداخانەدا کەدەوری گوندەکەیان دابوو. .

لەساڵی 1881 تەندروستی بەرەو باشتر دەچێت , دەبوژێتەوە , بەردەوام دەبێت لەنوسین , نیچە هەر هەستی بکردایە تۆزقاڵێك تەندروستی باشە , ڕێگای پێبدایە یەکسەر دەستی دەکرد بەنوسین .

لە سالی 1881 دا کتێبی سپێدە بڵاودەکاتەوە , تیایدا بیرو بۆچونی زۆر بوێرانە دەربارەی حوکمە ئەخلاقیەکان خستۆتە ڕو , نیچە لەڕێك خستنی کتێبەکانی و هەڵبژاردنی ناونیشانەکانیاندا زۆر وردو بەدیقەت بوو , ئەوەی ئەم قۆناغە لەقۆناغی پێشوتر جیادەکاتەوە ئەوەیە سەرجەمی نوسینەکانی ناوی گەڕانەوەیە بۆلای خۆی , دابڕانێك ی یەك جاریسشە لەگەڵ ڕابردووی تەقلیدی وئایدیالستیدا , ئەو لەسپێدەدا داوا دەکات کە بە حوکمە ئەخلاقیەکاندا بچینەوە .



Paul Ree

لەسالی 1882 دا نیچە بەهۆی دکتۆر ( پۆڵ ڕەی ) ی هاوڕێیەوە کچێکی ڕوسی تەمەن (21( سالەی ناسی کەناوی (لواندریاسا لمی ) یان (لۆسالومی )( Louu Von Salome) بوو , ( لۆ ) کچی ژەنەڕاڵێکی ڕوسی بەناوبانگ بوو , لەخانەدانەکانی سان پەترۆس بۆرگ بوو , بۆ خوێندن هاتبوو بۆ ڕۆمای ئیتالیا . دکتۆر (ڕەی) ی هاوڕێی نیچە و هاوڕێی ( لۆ ) بوو , لەدانیشتنەکانیدا باسی هاڕێکەی واتە نیچە ی بۆ (لۆ ) دەکرد , (لۆ ) خۆشحالی خۆی دەربڕی بەبینینی نیچە , هەرلە یەکەم دیدارەوە نیچە عاشقی بوو , نیچە لای ( لۆ ) واوەسفی زەردەشتی کردبوو کەئەو کوڕەیەتی کەهەرگیز لەدایك نابێت .سەرەتا هەرسێکیان بڕیاریاندا بوو کەلەچوار چێوەی هاوڕێیەتیەکی ئەفلاتۆنیدا , خەریکی لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکانی خۆیان بن , بەلام دواتر هەریەك لە نیچە و ڕەی خۆشەویستی خۆیان بۆ (لۆ) ئاشکرا کرد , داوایان لە (لۆ) کرد شویان پێبکات .



Louu Von Salome

هەڵەکەی نیچە لەوەدا بوو کە داوای لە ڕەی هاوڕێی کرد تابە (لۆ ) بلێت شوی پێبکات ,نیچە بە (ڕەی) ی ووت بیری لەوە کردۆتەوە (لۆ) بخوازێت و ژیانی هاوسەری لەگەڵ دروست بکات ئەم داوایەشی بە (ڕەی) ووت تابیگەیەنێتە ئەو , بەلام ( لۆ) داواکەی ڕەت کردەوە . (لۆ) و(ڕەی) و(نیچە ) توشی خۆشەویستیەکی سێ لایەنە هاتبوون کە تەسەور کردنی بۆ کەسێك کە تەنانەت تۆزێك هۆشیاری سێکسی هەبێت سەختە . (لۆ ) نەیدەویست پەیوەندیەکەیان لە هاوڕێیەتیەك زیاتربێت سەرەنجام هەرسێکیان زانیان کەچیدی ناتوانن درێژە بەو پەیوەندیە



یەکەمین دیدار

نائاسا بدەن , لەیەکتر جیا بوونەوە .
ئەوکاتە کەلێك جیا بوونەوە , میحنەتێکی گەورە بوو , وای لێهات نیچە بەبێ ئەفیون خەوی لێ نەدەکەوت .
نیچە دەڵێت ئەم شەو ئەوەندە تلیاك دەخۆم تادەمرم , لەدوای شکستی ئەوینێکی گەورە , قەیرانەکەی نیچە توندتر و سەختتر بوەوە , سێ جار هەوڵی خۆکوشتنی دا بەلاَم لەهیچیاندا سەرکەوتوو نەبوو , سەفەرێك بڕێك ی زۆری لە شلەی کلوراڵ ی خواردەوە کە چی نەمرد .

لە فێبروەری ساڵی 1883 دا لە (بالو) بەشی یەکەمی کتێبە بەناوبانگەکەی وای وت زەردەشت (Thus Spoke Zarathustra)تەواو دەکات . هەرلەهەمان ساڵدا و لە 13 فیبریوەری 1883 دا لە ڤینیسیا ڤاگنەر کۆچی دوای کرد , لە 18ی جێنوەری ساڵی 1883 دەگاتە سیلز ماریا لەوێ بەشی دوەمی وای وت زەردەشت دەنوسێت ئەو زستانە . 1884 لە نیس لەفەڕەنسا وسێهەمی وای ووت زەردەشت دەنوسێت . لەساڵی 1885 دا کۆچەرو سێبەرەکەی بەچاپ گەیاند . لە 22 مەی 1885 دا ئەلزابێسی خوشکی نیچە شوی بە بێرنارد فۆستەر کرد (Bernhard Forster) کە ڕابەری بزوتنەوەی دژە سامی ئەڵمانی بوو ,نیچە لە7 ی سێپتەمبەری 1883 دا لەنۆمبێرگ چاوی بە فۆستەر کەوت وە وتووێژیان کرد . لە زستانی 1885 دا بەشی چوارەمی زەردەشت وای ووت تەواو دەکات و لەسەر ئەرکی خۆی بەچا پی دەگەیەنێت وبلاَوی دەکاتەوە .
نیچە لە کتێبی زەردرشت وای ووت گەیشتەدابڕانێکی تەواوەتی لەگەڵ فیکری خۆرئاوا , وەك شۆپنهاوەری مامۆستای ڕوی کردە فەلسەفە خۆر هەلاَتیەکان ,. بەتایبەتیش فەلسەفەی هیندی و فارسی .
لە 4 ی ئۆگەستی 1886 دا لە لۆنگاردین لەودیو چاکەو خراپەوە ( Beyond Good and Evil ) بە چاپ گەیاند .
هەرلەهەمان ساڵدا کتیبی ژینالۆژیای ئاکار ( Genealogy of Morals) دەنوسێت .
لەسپرینی ساڵی 1888 دا ( جرج براند ز ) (Georg Brandes ) ی ڕەخنەگری دانیمارکی کە مامۆستایەکی جولەکە بوو لە زانکۆی کۆپنهاگن , چەند لێکچەرێکی دەربارەی فەلسەفەی نیچە پێشکەش دەکات , بەلاَم بەداخەوە تازە ئەو کاتە زۆر درەنگ بوو بۆ نیچە , تاهەست بکات ناو ناوبانگی یەکێك لەگرنگترین فەیلەسوفەکان ئەوکاتەو ئێستاش بەبێ گوما لەئەوروپادا , نیچە لەژیانیدا چەند کەسێك ی کەم نەبێت , هیچ کەس پەی بە فەلسەفەو فیکری ئەو نەبردوە و تێی نەگەشتوە .
نیچە خۆی سەبارەت بەم مەسەلەیە دەڵێت ئێوە سەد سالی تر دەزانن کە من باسی چیتان بۆ دەکەم .





وەکتێبەکانیشی بە ژمارەی کەم نەبێت نەدە فرۆشران , بۆیە نیچە هەمیشە ژیانی لە تەنیای و هەژاریدا بووە . لەسالی 1888 بۆ 1889 کتێبە کانی کێشەی ڤا گنەر , ئاوابوونی بتەکان , ئەنتی مەسیح , دەنوسێت لەدوای مردنی بلاّو دەکرێتەوە , لەلایەن (ئەلیزابێس ) ی خوشکیەوە .

ئەلیزابێس ی خوشکی کەوتە ناو نیعمەتی نێوبانگی براکەیەوە بەهۆی فرۆشتنی کارەکانی نیچە بەچەندان ملیۆن دانەیەك پارەیەکی زۆری چنگ کەوت , کەچی لەژیانی نیچە خۆیدا چەند دانەیەك لەکارەکانی دەفرۆشرا . Elisabeth Nietzsche

نیچە پێش ئەوەی بەتەواوەتی بکەوێتە چنگ ی شێتیەوە بە ماوەیەکی کەم دەستیکرد بووبە نوسینی کۆمەلێك پەیام و نامەی سەیر وسەمەرە و ناردنیان بۆ هەوا دارانی و دوژمنەکانی .

ژیانی فەلسەفی نیچە ماوەی (10) ساڵ دەخایەنێت , ساڵی 1879 بۆ 1889 , لەم ماوەیەدا کتێبەبەناوبانگ و سەرەکیەکانی خۆی دەنوسێت , نیچە تا چوارساڵ بەر لەکۆتای قۆناغی داهێنەرانەی لە ژیانیدا , خەریکی دامەزراندنی هیچ سیستەمێکی فیکری نەبوو , بەلاّم دواتر وردەوردە بیری لەوە کردەوە کە هەموو بابەتە سەرەکیەکانی خۆی لەیەك بەرهەمدا کۆبکاتەوە , کە دەیویست ناوی لێبنێت ئیرادەی هێز یان هەڵسەنگاندنەوەی بەهاکان , بەلاّم ڕۆژگار بەئاڕاستەیەکی تردا ڕۆیشت , مەرگ نەیهێشت ئەم ئاواتەی بێتەدی .

دوا هەمین کتێبی کە (ئیرادەی هێز ) بوو , بەلاّم لە پاش مردنی خۆی بەسەرپەرشتی (Peter gats)( پیتەر گاتس ) ی قوتابی و ئەلیزابێس ی خوشکی , کەمێژوویەکی درێژی لەدژایەتی کردنی جولەکەدا هەبوو , ئەلیزابێس بووە مایەیی ئەوەی کە شێواندنی زۆر لەم کتێبەدا بکات ,وە زۆرێك لەبیرو ڕاکانی خۆی دژ بەجولوکە تێبکات , کتێبە ی کەزۆرێك پێیان وایە یەکێك بووە لەهۆکارەکانی تەشەنەسەندن بەهێزبوونی نازیەکان . لەم کتێبەدا نیچە دەخوازێت یان دەیەوێت بلێت , گەورەترین ئەرك هەڵسەنگاندنەوە بژار کردنی بەهاکانە ئەویش بەخۆ قوتارکردن لەو ئایکۆنانەی ( Icon) مرۆڤ بەدرێژای مێژوو لەبوارەکانی , ئاین , هونەر , سیاسەتدا دروستی کردون . ئەو بە پێویستی دەزانی مرۆڤ لەدەسەلاّتی ئەو ئایکۆنانە رزگار بکات بۆ گەیشتن بەساتەوەختی عەدەمیەت و. پاشان دەست پێکردنەوەی سەرەتایەکی نوێ ,

نیچە بەردەوام نەخۆش بوو تاله کانونی دووەمی 1889 دا بەو نە خۆشیە دەرونیەی کە دووچاری ببوو , خالّی کۆتای دەستپێدەکات , نیچە بەتەواوی شێت بوو , قابیلی چاك بونەوە نەبوو هۆیە سەرەکیەکەشی ئەو نەخۆشیە کوشندەیە بوو , کە بە سیفلیس ناسراوبوو , وەگەیشتبووە دوا قۆناغی واتە ئیفلیجی زەینی .

لە (7) ی کانوونی دووەمی ساڵی 1889 لەشاری (تۆرینۆی ) ئیتالیا ,بەرەو ڕوی ئەو ئەسپە ماندوە ی لەناوەڕاستی شەقامەکەدا , بەعارەبانە کەیەوە بەسترابووەوە , ڕایکردو دەستی کردەملی و کەوتە ماچ کردنی , وە بەکوڵ بۆ چارە نوسی دەگریا , بەڵام بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی ئایا ئەسپە کە یاخود عەرەبانە چیەکە , دەرکیان بەوە کردبێت کە نیچە چ شتێك دەردەبڕێت و گوزارشت لەچی دەکات ,

ئەو هەر هەر بەفڕێدراوی لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا مایەوە , لەوانەیە ئەو نەخۆشیە ی ئازاری دەدا لەوکاتەدا گەیشتبێتە دوا ئاستی, لە 8ی مانگی کانونی دووەمی ساڵی 1889 دا هاوڕێی بەئەمەکی دێرینی لەزانکۆی بازڵ ( Franz Over Beck) (فڕانس ئۆڤەر باك ) لە ئۆکتۆبری 1870 دا نیچە لەزانکۆی بازڵ ناسیبووی , کەمێژوو نوسی بوو , دەیباتە نەخۆشخانەیەك لە بازڵ , دەردەکەوێت کەتوشی نەخۆشی ئیفلیجی زەینی بووە , دایکی زوو بەدەنگیەوە دێت دەیباتەوە بۆ ( Jena) دەیخاتە ژێر چاودێری وردی پزیشکیەوە . لە 13 ی مایسی 1890 دا دایکی دەیهێنێتەوە بۆ نامبیرگ , تەندروستی بەرەو خراپتر دەچێت , ماوەیەك لەنەخۆشخانە دەرونیەکان دەمێنێتەوە . لەساڵی 1892 دا توانای ناسینەوەی میوانەکانی نەمابوو , لە ساڵی 1894 دا توانای قسە کردنی نەمابوو .. دایکی چاودێری دەکات تاکاتی مردنی دایکی لەنیسانی 1897 بەهۆی نەخۆشیەوە دایکی نیچە مرد . پاشان دەکەوێتە ژێر چاودێری ئەلیزابێس فۆستەری خوشکیەوە لە ڤایمار , لە وێ مایەوە تاکاتی لەدنیا دەرچوونی , تالە پاشنیوەڕۆی ڕۆژی 25 ئۆگەستی 1900 گیانی لەدەست دەدات لە زێدی خۆی بەخاك سپێردرا .

نیچە دوو جار دەمرێت جارێك لەساڵی 1889 دا کە هۆشی نەما , واتە هۆشی یان فیکری مرد , دووەم جار لەساڵی لەساڵی 1900 دا , کە ئەم جارەیان بەتەواوی کۆتایی بەژیانی ڕۆحی و جەستەیشی هات .

نیچە یەکێکە لەفەیلەسوفە گەورەکانی سەردەمی خۆی , سەردەی نۆزدەهەم و بیستەمیشە , هەرباسێك لەم دووسەدەیەدا بکرێت دەربارەی فیکرو فەلسەفە , دەبێت ناوی مارکس ونیچە وفرۆیدی تێدابێت , هەریەکەیان لەبوارێکدا لەدنیای مۆدێرن بەئاگایان هێنایەوە , یان لایەنێکی شاراوەی روی مۆدێرنەیان بۆ ئاشکرا کردین .

ئەو ڕێیەی کە نیچە گرتیە بەر سەرەنجام گۆڕا بۆ بەرنامەیەکی گومانکردن لەتەواوی بونیادە فیکریەکانی خۆرئاوا . نیچە دەڵێت ئێمە دیلی داب ونەریتو پەیمانەکانین , ژیانمان لەسەر بناغەی کۆمەڵێك ڕێکەوت دادەڕێژین . ئەگەر بێت و ئەو شتانە ی لەم ڕێکەوتانەدا وەك بەڵگەنەویست وەرمان گرتوە , بیخەینە ژێر لێکۆڵینەوەو , لێیان ڕابمێنین , ڕەتیان دەکەینەوە , پێویستە لەسەر بناغەی ئەوشتانەی کەبەڕاستی هەستیان پێدەکەین ,وەبڕوامان پێیانە دووبارە بەهاکانمان هەڵسەنگێنینەوە .

نیچە هێرشی کردۆتە سەر چوار نەریتی سەرەکی ,لەژیاری خۆرئاوادا

1-نەریتی ئاکاری مەسیحی .

2-نەریتی ئاکاری دونیای کەفەیلەسوفانی ئاکار دامەزرێنەری بوون .

3- ئاکاری ڕەمەکی ڕۆژانەی خەڵکە ناڕۆشنبیرەکان , یان وەك نیچە خۆی ناوی نابوو ( بەهاکانی گەلەی عەوام ).

4- دواجاریش لانیکەم بەشێك لەو نەریتەی بەمیراتی لە یۆنانی کۆنەوە ماوەتەوە ,بەتاییەتیش سوکرات .

1- هێرشی ئەو بۆ سەر مەسیحیەت , تەواوی بەها پۆزەتیڤەکانی مەسیحیە تدەخاتە بەرڕەخنەو ڕەتی دەکاتەوە . بەبڕوای ئەو مەسیحیەت لە ڕاستیدا , لایەنگری دۆڕاوەکانە , لایەنگری کەسانێکە کەناتوانن لەسەر پێی خۆیان بوەستن , پێویستیان بە خەڵکانێك هەیە خەمیان بخۆن . پێویستیان بەسۆزو بەزەی هەیە , بەشێوەیەکی ناشایستە دەیانەوێت کەسانێك لەدەرەوە هاوخەمیان بن .

هۆی ئەو دژایەتیکردنە چی بوو؟

نیچە لەبنەڕەتدا خوازیاری ئەوەیە کە ئادەمیزادەکان لەگەڵ خۆیاندا ڕاستگۆبن , چالاکی لە ژیانەوە وەربگرن , لەناوەوەیدا لێوان لێوبن لەژیان . ئەوکات بەزەیی و هاوخەمی بۆ کەسێکی وەها کەدەبێت پڕبێت لەژیان , دەبێتە مایەی نەنگی , هاوخەمی کەسێکی لەم جۆرە لاوازو زەبوون دەکات . نیچە هەڵوێستێکی دوژمن کارانەی لەبەرامبەر بەمەسیحیەتدا هەبوو , لەبەرئەوەی مەسیحیەت ڕاستە دەست بەرداری هەندێك ترادسیۆنی یۆنانی وهەندێك بەهای میتافیزیکی بوو , بەڵام دەستی لەشێواندنی سروشتی مرۆڤایەتیدا هەبووە , لەوانە شێواندنی بەهای سەروەری , سەروەری بەشێوەیەکی خۆڕسکانە خواستی کوششی بەدەستهێنانی هێزی هەیە , خەسڵەتی سەرەکیشی بریتیە لە خود ئەڤینی و چێژبینین لە ژیان , بەڵا م مەسیحیەت هات , ئەم بەهایانەی بەبەها گەلێك وەك دان بە خۆداگرتن , زەلیلی , خۆبەدەستەوەدان , گۆڕی . کە بەهای کۆیلەن , بۆیە ئەو پێی وایە ڕزگاربوون لەدەسەڵاتی مەسیحیەت یەکەمین هەنگاوە بۆ گەیشتن بەقۆناغی ( ئەقڵی ئازاد ) .

2- دژایەتی ئاکاری دنیایی . هەرسیستمێکی ئاکاری دونیای و نادینی لەسەر بناغەی بەگشتی کردنی مەسەلە تاکەکەسیەکان دادەڕێژرێت , پایەکەی پشت بەستنە بەلایەنی گشتی مەسەلەکان . خۆبەستنەوە بەچارەنوسی هاوبەشی ئادەمیزادەکانەوە بەناچاری , واتە خۆبەستنەوە بە نزمترین فاکتەررەکانەوە تیایاندا .

3-ئاکاری گەلەی عەوام نیچە بەهیچ جۆرێك فەیلەسوفی لایەنگری دیموکراسی و عەوامی خەڵك نیە , ئەوفەیلەسوفی ئادەمزادە گەورەو باڵاکانە ,بەم پێیە ,ئایدۆلۆژیای دیموکراسی یان حکومەتی خەڵك بەلای

ئەوەوە بچوکترین بەهای نیە . نیگەرانی ئەو سەبارەت بەئایندە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت ,کە ڕۆحی دیموکراسی , ڕۆحی عەوام , وەپاتاڵ , هەرچی , پەرچی , زاڵبێت . وەهەموو ئەم بەهایانە لەناو بەرێت .

4-نیچە یەکێك بوو لەزانا درەوشاوەکانی زمان وزانستە لاتینی و یۆنانیەکان , زانیاری قوڵی دەربارەی یۆنانی کۆن هەبوو , لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دوژمنێکی سەرسەختی ئەو نەریتەبوو کەلەسوکراتەوە سەرچاوەی گرتبوو . فەلسەفەو عەقڵی خۆرئاوا بەرەو دەرەوە ملی نا , بەڵام فکری خۆرهەلات , بەرەو ناوەوەی مرۆڤ ڕۆیشت . ئەمەش جیاوازیەکی زۆر قوڵی دروست کرد لەنێوان ڕۆژهەلات وڕۆژئاوادا . لەبەر ئەوە فەلسەفەی یۆنانی , بەوفەیلەسوفانە دەست پێدەکات کە پێیان دەوترێت فەیلەسوفە سروشتگەرەکان , واتە تالیس وئەوانەی تر , هەرلەبەر ئەمەشە کە فەلسەفەی یۆنانی ڕووی بایەخی کردۆتە جیهانی ماددی , لەبری ئەوەی ڕوبکاتە جیهانی ناوەوە , وەڕۆحانی وبونی تایبەتی مرۆڤ , هەر لەبەر ئەمەشە جیهاتی خۆرئاوا هەمیشە لەجوڵەیەکی بەردەوامدایە , بەوپێیەی جیهانی ماددی هەمیشە لە جوڵەو گۆڕانێکی بەردەوامدایە .

نیچە قۆناغی پێش سوکرات , بەجۆرە سەردەمێکی زێڕین دەزانێت , پاشان کاتێك یۆرپیدس و ئەریستۆڤان وسوکرات دێنە مەیدان , هەموو شتێك بێرۆح وبێرەنگ دەبێت . ئەوەی لەگەڵ هاتنی ئەماندا ڕوودەدات ئەوەیە کە هێزو خواستی چاکە و گەرم وگوڕی وجوانی , هەروەها پەیبردنی تەواوبە بوونی تراژیدی مرۆڤ , جێی خۆیان بۆ عەقڵ چۆڵ دەکەن , جێی خۆیان دەدەن بەشتێك کە بەڕاستی نیچە هەمووشتەکان لەقاڵبی مەنتقدا دادەڕێژرێت , وەمەزنی لە هەموو شتێك دەسەنێتەوە .
نیچە پێی وایە یۆنانی کۆن یەکەم کەسانێك بوون , چارەسەری تراژیدیایان بەوە کردوە کەشکۆیان بەژیان دۆستی بەخشیوە , ژیاندۆستیەك کەپایەکانی بریتین لە زندەگی و چێژ بینین , ئەمەشیان لەوتەزای (ئاکاری دیۆنیسیۆسی ) یدا کورت کردبووەوە . هەروەها پێی وابوو شێواندنی پایانی تریژدیای یۆنانی هاوکاتە لەگەڵ هاتنە ئاراو دەرکەوتنی هەریەك , لەلۆژیکی (سوکرات ) وشانۆنامەکانی (یۆرپیدس ) . بەوپێیەی کە (یۆرپیدس ) لەژێر کاریگەری سوکراتدا بووە , ئەوا نیچە هەموو بەرپرسیارێتیەکە دەخاتە ئەستۆی سوکرات ..
نیچە دەڵێت لۆژیك و ئەقلانیەتی سوکرات بوو نە مایەی لەناوچوونی تراژیدیای یۆنانی تەقلیدی , کە پشتی بە ململانێی نێوان خواکان و مرۆڤ بەستبوو ..

جومگە سەرەکیەکانی فیکرو فەلسەفەی نیچە

1- ئیرادەی هێز

ئیرادەی هێز سەرەکیترین چەمکە لەفەلسەفەی نیچەدا , نیچە چەمکی ئیرادەی لەشۆپنهاوەرەوە وەرگرتوە , بەڵام حوکمی نیچە بۆ ئەم چەمکە , پێچەوانەوی شۆپنهاوەرە . بەبڕوای شۆپنهاوەر , سەرتاسەری گەردوون لە ماتەرێك پێکهاتوە کەلە دۆخی جوڵەدایە . هەموو ئەمانەش پەیوەندی بەئیرادەیەکی میتافیزیکیەوە هەیە . لەدەرەوەی بوون وجیهان , بەڵام نیچە مەبەستی لەچەمکی ئیرادە , ئیرادەی مرۆڤە نەکە ئیرادەیەکی میتافیزیکی . ئەم تیورەیە لەسەر بنەمای هزری شۆپنهاوەرو بیری یۆنانی کۆن دروست بووە . شۆپنهاوەر کەوتبوە ژێر کاریگەری ئەوبیرۆکەیەی کە دونیا بەگوێرەی ئیرادەیەکی مەزن بەڕێوەدەچێت .

نیچە بەلێکۆڵینەوەی لەشێوەی فکری یۆنانی کۆن , دەگاتە ئەوئەنجامەی کەهێز بزوێنەری ژیاری یۆنانی کۆنبووە , ژیاری یۆنانی کۆن تەقەلابوە بۆ بەدەست هێنانی هێز , وە ئەوەی ئێستا ئێمە لەبەر دەستماندایە بەرهەمی ئەو هێزەیە , ترسیشی لەوەی کەکەسانی بێهێز بگەنە دەسەڵات لەوەوە بووە ,کەئەگەر ئەمانە بگەنە دەسەڵات ئەوەی ئێستا بەدەستمان هێناوە لەدەستمان دەچێت ..

بەم شێوەیە نیچە ئیرادەی هێز بەئەنگێزەی سەرەکی مرۆڤ دەزانێت , بڕوای وایە کەتەواوی ئەنگێزە سەرەکیەکانی تر کەلە پشت ڕەفتاری مرۆڤەوەن لەم ئەنگێزەیەوە سەرچاوەدەگرن . بەبڕوای نیچە مەسیحیەت ئاینێك بووکەلەسای ڕژێمی کۆیلایەتی ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمدا پەیدابوو , وەهیچ کاتێکیش ئەو ڕۆحیەتی کۆیلایەتیەی لەدەست نەدا , لە ڕستیدا ئەوە گوزارشت کردن بوو لە ئیرادەی هێزی کۆیلەکانە ,نەك ئیرادەی هێزی بەهێزەکان . .

2- گەڕانەوەی هەتاهەتایی

بەگوێرەی ئەوەی نیچە دەڵێت , ئێمە دەبێت ژیانمان بەجۆرێك بەرینە سەر وەك ئەوەی تا ئەبەد دووبارە دەبێتەوە , جەغتکردنێکی لەم جۆرە , لەسەر گرنگی ساتەکانی ژیان , بەمەبەستی بزواندنی ئێمە یە بۆزیاتر بەهرە وەرگرتن لەو ساتانە , لە ڕاستیدا ئەمە ئاڵۆزترین بەشی فەلسەفەکەی نیچەیە , وای کردوە خەڵك زۆر بەناڕەحەت لەو تێبگەن ..

3- باڵا مرۆ ( سوپەرمان )

ئەم پاڵەوانەی نیچە باوەڕی بەهیچ سنور بەندیەکی ئاکاری نییە , تا قە بنەمای ئاکاری ئەو ئیرادەی هێزە , نمونەی ئەو باڵامرۆیەش زەردەشتە . کەکەسێتی یەکی دروستکراوی زەینی خۆیەتی ,وەهیچ پەیوەندیەکی بە زەردەشتی پێغەمبەری خۆرهەڵاتەوەنیە . زەردەشت بەهەڵسەنگاندی بەها مەسیحیەکان دەست پێدەکات , ڕەتیان دەکاتەوە و بانگەشە بۆ ئەوە دەکات کەلە دونیایەکی بێ یەزداندا هەرفردێك بەرامبەر بەڕەفتارەکانی خۆی بەر پرسیارە .

هەروەها مرۆڤ هاندەدات تاله ئازادیەکی بێسنوردا بڕوات , وەبەهاکانی خۆی بینابکات . بۆیە نیشانەی بەدەست هێنانی ئازادی لای نیچە ئەوەیە شەرمەزاری خۆت نەبیت , یانی چی شەرمەزاری خۆت نەبیت , واتەئینسانەکان درۆ لەگەڵ خۆیان نەکەن , واتە دەرونمان , هێزە غریزیەکانمان , چۆنی دەوێت , چۆن هەستی پێدەکەین ئاوەهاش وەڵامیان بدەینەوە , کۆتیانەکەین , پێوەندیان نەکەین ,ئەقڵ ئێمەی بەم شێوەیە دەوێت , بێپەروا , قۆشمە , بەهەڵمەت ,چوونکە ئەقڵ مێ یە , هەمیشە سەوداسەری جەنگاوەرانە . .

باڵا مرۆ (سوپەرمان ) , ئامانجی نیچە گەیشتن بووە بەچەمکی ئادەمیزادی سەرکەوتو , سەرکوت نەکراو , نەچەپێنراو . باڵامرۆ ئادەمیزادێکە کەغەریزە سروشتیەکانی سەرکوت نەکراون , بەم پێیە تادوا سنوری مەیل وتواناکانی بەشێوەیەکی ئازادانە , سەرەبستانە وبێباکانە بەهرە لەبوون وژیان دەبات . بەهاکانی خۆی دووبارە هەڵسەنگانۆتەوە , بەگوێرەی بەهادرۆکان ناژی , باڵامرۆ هەریەکێکە لەئێمە , بەو مەرجەی بتوانێت کامڵ بین . خۆمان لە کۆتوپێوەندی ئەو وێنا درۆیانە ڕزگاربکەین , کەدەربارەی خۆمان وژیان هەمانە . .

زەردەشتی نیچە کێیە ؟

پەیام هێنەر و مژدەهێنەر و هەواڵ هێنەرێکە ,ئەو هەواڵ لەشتێکەوە دەهێنێت , پێغەمبەرێك نیە , کەبڵێت هەواڵ لەحەقیقەتەوە دێنم . بەڵام زەردەشت وەك پێغەمبەرە کۆنەکان واناکات .ئەو پەیام دێنێت .بەڵام نەك لەهێزێکی باڵاترەوە یان لەخواوەندەوە , ئەو خۆی بەبەرزتر , بەتواناتر , ودواناتر لەو وانانەی کەدەیڵێتەوە پیشان نادات .

ئەو تەنها داوامان لێدەکات لەوکەسانە کەفێریاندەکات , بۆ ئەوەی بڕۆن زیاتر لەو پردەی کەهەنوکە لەسەری ڕاوەستاون (زەمان ) , دەبێت لەو پردە تێپەڕین وزیاتر لەوە بڕۆن وەبن بەخەڵکانی تێپڕیو , واتە بن بە سوپەرمان . .

باڵامرۆ دەکرێت بەرهەمی هەر ژیارێك بێت . باڵامرۆ ئادەمیزادێکە کەلە ئاستی دەسکەوتەکانی ئیرادەی هێزدادەژی . بەکامڵی وپڕاوپڕ لەژیان دەژی , کەدەربارەی خۆمان وژیان هەمانە . باڵامرۆ کەسێکە کەبێ ئەوەی چوارچێوەیەك بۆ خۆی دابنێت , وەتەنگەژە بۆ خۆی دروست بکات . بەشێوەیەکی سروشتی و غەریزی و نەستیانە دەژی . .

نیچە بڕوای وابوو کەخۆرئاوا گەیشتۆتە قۆناغی نهیلیستی ,بەڵام ئەوانی تر دەیان ووت کەنیچە خۆشی کەوتۆتە چنگی ئەو نهیلیزمەوە , نهیلیزم لەوشەی لاتینی (Nihil) ە وە وەرگیراوە . کەبەمانای نەبوون (عەدەم ) یان هیچ دێت نکوڵی لەبەهاکان دەکات .

وەك دەزانین نیچە لەکۆتای ژیانیدا زیاتر لە دەسال کەوتەچنگی شێتیەوە , شێتی دوو جۆری هەیە شێتی لەدەست دانی هۆش وئاگاهی , وەشێتی ئیبداعی ئەم جۆرە شێتیە ئازاری کەس نادات مەگەر خاوەنەکەی , ممکین نیە هەست بەهیچ پێداویستیەك بۆ داهێنان تیانەبێت وەك کسانی ئاسای , کەهیچ بەرپرسیاریەك ناخەنە ئەستۆی خۆیان , ممکین نیە چاوەڕێی هیچ بین لەمانە , بلیمەت بریتیە لە دەرچوون لەشتی مەئلوف , کەزۆر جار ڕەفتاری شازو نامۆی لێدەردەچێت .

مرۆڤێك لەگەڵ خۆیدا ولەگەڵ واقعی دەرەوەدا هەمیشە لەئاشتی وتەبایدا بێت پێویستی بەوەنیە ببێت بەبلیمەت .کەسی بلیمەت هەروەك شێت , بەوە جیادەکرێتەوە کە ئارەزووی لە پەراوێزی و یاخیبوون و ملنەدان ,بۆ دابونەریتە باوەکان وملکەچ نەکردن هەیە , بەڵام تاکە فەرقێکی نێوان بلیمەت وشێت , ئەوەیەبلیمەت هەرلەخۆڕا وبەبێ هۆشیاری , بەناشیرینی دابوو نەریتەکان پێشێل ناکات . جگە لەوەی بلیمەت نەریتی خۆی هەیە وئیلتیزامی پێوە دەکات , وەدەبێتە بەشێك لەژیانی .

خەسڵەتێکی هاوبەشی نێوان بلیمەتان ئەوەیە کەزۆر حەزیان بەئیلتیزامات نیە لەگەڵ دەرەوەیی خۆیان , زۆربەی بلیمەتان ژنیان نەهێناوە , وە وەچەیان نەخستۆتەوە , خۆیان بۆ پەروەردەکردنی خێزان تەرخان نەکردوە , بۆ نموونە دیکارت, کانت , سپنۆزا ,نیچە ,سارتەر ,فۆکۆ ...هتد هیچیان ژنیان نەهێناوە .

نیچە بلیمەت بوو پاشان شێت بوو , بلیمەت لەخەسڵەتێکی بنچینەیدا لەگەڵ شێت دا هاوبەشە , ئەویش بوونی قەیرانە ,بونی قەیرانی ناوەکی , بەڵام جیاوازی بلیمەت و شێت ئەوەیە , قەیرانی بلیمەت لەڕێگەی داهێنانەوە ئاوادەبێت , کەچی قەیرانی شێت بەرەو وڕێنەیەکی بەتاڵ وکاری ناچیزە و ناشایستە دەبات . بۆ نموونە هۆڵدەرلین , نیچە , جیرار , دونیرڤاڵ , ئەنتۆنین سارتۆ , ڤان کوخ , شۆمان , ئاڵتۆسێر , ..هتد . هەموویان چونەتە قۆناغی شێتیەوە . نیچە یەکێك لەفەیلەسوفە گەورەکان بوو , لەگەڵ ئەوەشدا لەدوا دوای ژیانیدا بەتەواوی شێت بوو , بۆماوەی یانزە ساڵ هەتا ساتی مردنی هەربەشێتی مایەوە , هۆڵدەرلین , یەکێك لەمەزنترین شاعیرانی دنیا , کەچی نزیکەی نیوەی ژیانی لەنێو دەریای شێتیدا بەسەربرد .

گۆتێ ئەو پیاوە بلیمەتەی هەموو ئەڵمانیا شانازی پێوە دەکەن , هەروا بەئاسانی داهێنانە گەورەکانی پێشکەش نەکرد ووین , دوچاری چەندین جۆرە قەیران ولەرزینی دەرونی ئازار بەخش بۆتەوە . .

نیچە هەروەك خۆی پێشبینی کردبوو ,پاش مردنی و لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا , گەڕانەوەیەکی باش هەبوو بۆ فیکری نیچە . سەرەتا لای فاشیەکان و نازیەکان , وەك پێغەمبەر لێیان دەڕوانی , زەردەشت وای وتی نیچەیان وەك ئینجیلی خۆیان سەیر دەکرد . کاتێك هیتلەر و مۆسۆلۆنی بەیەك دەگەن , دیاری هیتلەر بۆ مۆسۆلۆنی چەند دانەیەك دەبێت لەکتێبەکانی نیچە .

بەڵام داخۆ نیچە لەگەڵ فاشی و نازیەکاندا هاوڕا بوو , لەو بڕوایەدام ئەگەر خۆی بمایە یەکەم کەس دەبوو کەدژی ئەم فیکرە دەجەنگا , نیچە خۆشی پێشبینی ئەو فەلاکەتەی کردبوو , کەشارستانیەتی خۆرئاوا تێی

بکەویت . ئەو لە زۆر ڕووەوە پێغەمبەر ئاسابوو , سەرەڕای خراپ بەکار هێنانی لەلایەن فاشی ونازیەکانەوە , لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا نیچە شوێنێکی دیاری هەبوو لەفیکری ئەورووپیدا , بەتایبەتی فەڕەنسا , وەفەیلەسوفە بوونگەراکان وە پۆست مۆدێرنەکانیش , بەتایبەتی میشێل فۆکۆ ,زۆر نزیك بوو لەفیکری نیچەوە ,

بوونگەراکان ڕاستەوخۆ لەمرۆڤەوە دەست پێدەکەن , نەك سرووشت , فەلسەفەی ( خودە ) نەك هی ( بابەت ) . خود بریتی نیە لە بونەوەر بەتەواوی بونیەوە , واتە ئەم بونەوەرە تەنها خودێکی بیرکەرەوە نیە وبەس . ئەو بابەتانەی لای بونگەراکان جێگای بایەخن , ئەمانەن ( ئازادی , هەڵبژاردن , بڕیاردان , هەستکردن بەبەرپرسیارێتی ) ئەم بابەتانەش گەوهەری بونی تاکەکەس پێك دەهێنن , چوونکە لێرەدا خود تاکە بکەرە وتاکە بەرپرسیاریشە . واتە ئازادە لەوەی کەهەڵی دەبژێرێت . بونگەراکان وەسفی وردی ماهیەتی دیاردەمان بۆ دەکەن , بەوشێوەیەی کە هۆشیاری دەدرێ بۆ دڵنیا بونیش لەوردی وەسفەکە , کەپێویستە بەر لە هەموو شتێك هۆش لەتەواوی پشتگیری ئەو پێشداوەریانە پاك ببێتەوە , وەنابێت بابەتی هۆشیاری لەگەڵ هۆشیاری بابەتیدا تێکەڵ بکرێت .

بەبڕوای نیچە وەتانکوڵی تەواو لەبیرو باوەڕو پێودانگە باوەکان نەکرێ , توانای تازە نایەتە ئاراوە , سەرلەنوێ هەڵسەنگاندنەوەی بەهاکان نایەتەدی , وەپێویستیشە لەسەر بنەمای پێداویستیەکانی بوون , بڕیار بدەین .نیچە و ڕەخنەی نیچە , لە پێناسەکردنی ئینسانەوە دەستپێدەکات , ئەو شوێنەی دیکارت و ڕۆشنگەری بەئینسانی دەبەخشن نیچە لەئینسانی دەسێنێتەوە . بەباوەڕی نیچە ئینسان بالاترین بونەوەری سەرزەوی نیە بەڵکە بونەوەرێکە لە پاڵ بونەوەرەکانی دیکەدا . هەرئەمەشە وادەکات ئینسان بەهیچ مانایەك شتێکی پیروز نەبێت .

ئینسان لای نیچە گیانلەبەرێکە وەك هەموو گیانلەبەرەکانی دی , عەقڵ کە ڕۆشنگەران بەخاڵی جیاکەرەوەی ئینسانیان لەبونەوەرەکانی دیکە دادەنا , لای نیچە ئەو ئامرازە بێگوناهەنیە کە کاری دۆزینەوەی حەقیقەت و ڕاستیەکان بێت .

عەقڵ لای ئەو سەرزەمینێکە وەك خودی خۆی پڕە لە هێزو دەسەلات وململانێی جۆراوجۆر , یاساکانی هێزو دەسەلات و ململانێ وهە یمەنە چەند لەواقعدا ئامادەن ,ئاوەهاش لەناو عەقڵ وکارەکانی عەقڵیشدا ئامادەن , بەباوەڕی ئەو عەقڵێکنیە لەدەرەوەی پەیوەندیەکانی هێزدا بوونی هەبێت . عەقڵێك نیە لە پاڵیدا و لە ناویدا پرۆژەیەکی دەسەلات ئامادە نەبێت . ئیرادەی هێز یان دەسەلات کەجەوهەری بونە ,ئیرادەیەکە تەواو لەناو عەقڵدا بەرجەستەیە , نیچە دژی ئەو بیرۆکە ڕۆشنگەریەیە کەپێی وایە عەقڵ توانای دۆزینەوە و گەیشتن بەحەقیقەتی هەیە , وەحەکەمێکی بێلایەنە و ئەم بێلایەنیەشی وایلێدەکات توانای ئەوەی هەبێت پێمان بڵێت ڕاستی کامەیە؟ وهەڵە چیە ؟ باشەو خراپە لەکوێدان ؟ .

**بەباوەڕی نیچە ڕاستی دوزراوەی عەقڵ نیە , حەقیقەت شتێك نیە عەقڵ بێت و دوای ئیشکردن و لێکۆڵینەوە و گەڕان بیدۆزێتەوە , بە پێچەوانەوە حەقیقەت مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتیە , هێزەجیاجیاکان دوای ململانەیەکی زۆر لەسەرماناکانو چیەتی و چۆنیەتی بەکارهێنان وبلاوکردنەوەی ڕێکدەکەون , ئەو فۆرمەی پێدەبەخشن کە ئیرادەی دەسەڵات خوازیاریەتی , بەم مانایە حەقیقەت شتێکی ڕەهانیە , بەڵکە شتێکی ڕێژەییەیە و لەدەرەوەڕا ولەلایەن هێزە جیاجیا کانەوە دەستنیشان دەکرێت . لەم قۆناغەدا کاری نیچە بەگژدا چونەوەی بەهاو داب و نەریتی سەدەی نۆزدەهەموو سەدەکانی پیشوترە . لای نیچە ئەوەی بەحەقیقەت دادەنرێت بریتیە لەشتێك زیادەڕۆی مەجازی ولێکدانەوەی زمانەوانی , کەمیللەتێك دوای زۆر بەکارهێنانی گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی ئەمە ڕاستی حاشا هەڵنەگرە . وەکو بەڵگە نەویستێك سەیری دەکات . ئەو حەقیقەتانەی وەرمان گرتوە بۆمان ماوەتەوە , تەنها وەهم خەیاڵ پڵاوی ئەبستڕاکتن لەڕێی ئیرادەو هۆشیاریەکی ڕەخنەیشەوە دەتوانین خۆمانی لێ قوتاربکەین . هەروەها پێی وایە ئەخلاق ڕێژەییە , حوکمە ئەخلاقیە کانیش حەقیقەتی ڕەهانین . بۆ هەموو ئان وزەمانێك دەست نادەن . حوکمی ئەخلاقی لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دی گۆڕانی بەسەردادێت , تەنانەت لەیەك سەردەمیشدا بە پێی جیاوازی شوێن وکلتور دەگۆڕێت . تەنانەت ئەو ئەفسانەشی کەباسی ئەو دونیاش دەکەن بریتی نین لە ڕامانی سەرەتای , سەبارەت بە کۆتای جیهان , بەڵکە هەوڵ و تەقەلان بۆ دۆزینەوەی چوارچێوەیەکی مانای کەتیایدا جێیەك بۆ بونی مرۆڤی فانی هەبێت . .**

**نیچە دەڵێت ئێمە خۆمان بەهاکانی خۆمان دەخوڵقێنین , مەبەستم لەمەش ئەوەیە کە ئەگەر بەها مرۆییەکان دروستکراوی خودی خۆمان بن , نەلە خوداو نەلەهیچ سەرچاوەیەکی دەرەوەی خۆمانەوە سەرچاوەیان نەگرتبێت , ئەوا مەسەلەیەك کە گرنگی سەرەکی پەیدا دەکات , بەم جۆرە دەبێت . کەواتە ئێمە چۆن ئەو بەهایانە بەدەست دەهێنین ؟ . ئێمە خۆمان بەهاکانی خۆمان دەخوڵقێنین تا پێداویستیەکانمان دابین بکەین . تۆ دەتوانیت چۆنیەتی هەر بەرهەمێك بەتایبەتیش بەرهەمی زەینی مرۆڤ , بە پێی ماهیەتی وچۆنێتی سەرچاوەی ئەو بەرهەمە دیاری بکەیت . تۆدەتوانیت چۆنێتی هەر بەرهەمێکی زەینی بەگەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی دیاری بکەیت .**

**ئەگەر ئەم ئاکارو بەهاو ئەو نەریتانەی بۆمان ماونەتەوە لەبنەڕەتدا پشت بەستون بەبنچینەی باوەڕ بەخودایان , خواوەندەکان ئەم پێوەرانەیان بەئێمە بەخشیوە و سەرئەنجامیش هەر لەسەر ئەم بنەمایانە داوەریمان دەکەن , کەئایا توانیومانە بەگوێرەی ئەم بەهایانە بژین یان نە ء. بەڵام نیچە دەڵێت کەئێمە باوەڕمان بەم خودایانە وبە ئاین بەشێوەیەکی گشتی لەدەستداوە . لەئەنجامیشدا چیدی باوەڕمان بەو بونیادو سیستمی بەهاییەی خۆمان نیە , هەرچەندە تائێستا ڕوبەڕوی ئەم ڕاستیە نەبوینەتەوە , لەبەرامبەر ئەمەشدا هێشتا هەوڵدەدەین لەژیانماندا پەیوەندیەك لەگەڵ ئەم سیستمە بەهاییەدا دروست بکەین , کەچید ی باوەڕمان بەبونیادی نەماوە , ئەم کارەش ڕاستگۆی وڕەسەنایەتی لەژیانمان ولەڕستیدا لەخودی خۆشمان**

دەسەنێتەوە , ئەگەر بمانەوێت سیستمێك ی بەهای ڕەسەنمان هەبێت , دەبێت ئازایەتی بنوێنین وبەیەکجاری سەرلەنوێ بەهاکانمان هەڵبسەنگێنینەوە . .

بەڵام نیچە پاش ئەوەی گسك لەهەموو شتەکان دەدات , چ شتێك دەخاتە جێیان ؟ نیچە دەیەوێت ئادەمیزادەکان پڕبن لەژیان . لە ژیانیاندا بۆشای نەبێت , سنورێك بۆ زیندوێتی دانەنێن , ئەو نایەوێت هیچ شتێك , هیچ وێنایەك , بۆ عەقڵ یان ویژدان وە هەرشتێك کەدە ببێتە لەمپەر لەم ڕێیەدا . وەهەر پێوەرێوەرێکی دی دەبێت بەجۆرێك هەڵبژێردرێ کەوەلام بێت بۆ هەقی بوون .

ژیان تاقە بەهاو تاقە سەرچاوەی بەهاکانیشە , دەبێت هەموو بەهاکان لەئەسڵی ژیانەوە هەڵبهێنجرێت . نیچە بڕوای وابووە کەتەواوی ئەو ئاکارانەی تائێستا هەبوون بە پێچەوانەی ئەم ئاڕاستەیەوە بوون . بەشێوەیەکی کردەی دژ بەئەسڵی ژیان کاریان کردوە . ئەگەر حەقیقەتی ڕەها هەبێت کەئازارمان پێبگەیەنێت یان گورزلەژیانمان بدات , دەبێت ڕەتی بکەینەوە .

تەوەری ئەو شتەی ئەو دەیڵێت ئەوەیە کەژیان تاقە بەهاو تاقە سەرچاوەی بەهاکانە , بەگوێرەی ئەمە دەبێت هەموو بەهاکان لەئەسڵی ژیانەوە هەڵهێنجرێت , بەومانایەی جڵەوی تەواوی غەریزەکان ی ژیانمان ڕەهابکەین . بەڵکە تەناتنەت پێودانگی عەقڵ وحەقیقەتیش لەهەمان سەرچاوەوە وەربگرین . هەرچیەك خزمەتی ئەم ئامانجە نەکات ئەوا بەتاڵە وپێویستیشە ڕەتبکرێتەوە , تەنانەت حەقیقەتیش دەبێت لەم پێناوەدا ملکەچ بێت .

بەبڕوای نیچە گۆتێ , ناپلیۆن , هەندێك جار پاپاگەورەکانی بنەماڵەی بۆرجیا , مارتن لۆتەر , سوکراٹ هەموویان بە مرۆڤی گەورەوباڵادەژمێردرێن , لەبەر ئەوەی خاوەنی هێزێکی ڕۆحی وەهابوون کە توانیویانە ئەو بەرنامەیەی کەهەیان بووە پڕکتیزەی بکەن . .

نیچە بڕوای وایە هەندێك جار دەبێت بەهاکان لەم پیاوە گەورانەوە , لەم مرۆڤە باڵایانەوە وەربگرین . نیچە دەڵێت ئەگەر حەقیقەتێکی ڕەها هەبێت کە ئازارمان پێبگەیەنێت یان گورز لە ژیانما بدات , بەبێ هیچ گومانێك دەبێت خوازیاری زانینی نەبین , لەم بوارەشدا پێویستە پێودانگێکی تەندروستیانە هەبێت کە پێمان بڵێت چ شتێك ی زانین شایانی ئەوەیە ڕوبەڕوی ببینەوە , وەچ بەشێکی تری پێویستە ئەفرۆزی بکەین . .



Nya-78@hotmail.com